# کابینەی پێنجەم
# فێری کردین سیستەم گرنگە
# نەک کورسی دەسەڵات





**«ئەقڵ میکانیزم نییە بۆ مەعریفە، بەڵکو میکانیزمە بۆ بەرەو پێشەوە بردن و پەرەپێدانی ژیان، هەربۆیە ئەرکی ئەقڵ ئەوەنییە شت بزانێت، بەڵکو ئەرکی ئەقڵ ئەوەیە کە خزمەتکاری ژیان بێت»**

**جۆن دیوی**

ئەم خوێندنەوەیە بۆ کاری دامەزراوەیی لەکوردستان و پیادەکردنی وەك سیستەم بۆ ئەوەی حوکمڕانی لە کوردستان بچێتە سەر سکەی خۆی، بەمەبەستی چەسپاندنی زیاتری ئەو سیستەمە و پاراستنی بنەماکانی و جەخت کردنەوە لەسەر ئاکامی کار و هەنگاوەکانی سەرخستنی پەرەپێدان لە کوردستان ئەنجامی دەدین، دەمانەوێت بە خوێنەری خۆمان بڵێین هەموو بیروبۆچوون و لێدوان و هەنگاوەکانمان پێویستیان بە تاقیکردنەوەو جێبەجێکردن هەیە و دەبێت ئەو بیروبۆچوونانەی دەخرێنە روو بەپێی ئەو ئامانجانە هەڵبسەنگێنرێن کە لە میانەی پیادەکردنی ئەو بەرنامانەوە دەیانبینین و دەبنە هۆکارێك بۆ ئەوەی هەست بە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بکەین.

ئەم بابەتە دەکرا لە رۆژانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بابەتێکی ورووژێنەرو سەرنجراکێش بڵاومانبکردایەوە، بەڵام گوڵان بەباشی نەزانی ئەم بابەتە لە چوارچێوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بڵاو بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە بەو جۆرە لە کاری دامەزرارەوەیی و سیستەم لە کوردستان تێگەیشتووین، کە پێویستە هەڵبژاردن و هەنگاوەکانمان بۆ بونیادنانی دیموکراتی لە خزمەتی زیاتر چەسپاندنی سیستەمی دامەزراوەیی بێت لەکوردستان و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە خزمەتی ئەو سیستەمەدا بێت، نەك ئەو سیستەمە بکەینە هۆکارێك بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و دەستکەوتێکی سندوقەکانی دەنگدانی بۆ بەرژەوەندی لایەنێك پێ قورس بکەین، بەپێچەوانەوە ئێمە پێمانوابوو، ئێستاش هەر پێمانوایە، ئەگەر سیستەمی کاری دامەزراوەیی ئەو سیستەمەی نێچیرڤان بارزانی لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پیادەی کرد زیاتر پایەکانی بچەسپێت و کابینە لە دوای کابینە ئامانجی ئەوەبێت پایەکانی ئەو سیستەمە پتەو تر بکات، ئەوا کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان دروست دەبێت، کە دەبێتە هەوێنی ئەو کولتوورە لیبرالییەی بەئاسانی سیستەمی کاری دامەزراوەیی دیموکراتیانەی لەسەر بونیاد دەنرێت، ئەوکاتیش سندوقی دەنگدان هەرچیمان پێبڵێت، پۆلێنەکانی لەسەرەوە بۆ خوارەوە، قەوارەو لایەنە سیاسییەکان هەر چۆنێك رێکبخاتەوە، هەموویان بە ئاراستەی ئامانجی زیاتر چەسپاندنی ئەو سیستەمە ئاراستە دەکات، هەربۆیە ئێمە پێمانوایە راوەستان لەسەر ئەم چەمکە گرنگە و هەوڵدان بۆ تاوتوێکردنی لایەنە شاراوەکانی و ئامادەکردنەوەی بۆ ئەوەی وتوێژی جیدی لەسەر بکرێت، دەبێت لەکاتێکدا بێت کە هەڵچوونی ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی لەسەر رەوییبێتەوەو کۆتایی بەو قۆناخە هەستیار و ناسکە هاتبێت کە هەموو خوێندنەوەکان بۆ ئاکامی سندووقی دەنگدان لە دەوری خۆی چڕدەکاتەوە، هەروەها لە کۆمەڵێك دەرهاویشتەی سلبی رابردوو رزگارمان دەکات و دەتوانین جیدیتر هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵبگرین، نەك دووبارە ئاڵۆزکردنەوەی و خۆخەریککردن بەوەی کام بیروبۆچوون لەوی دیکە سەرکەوتووترە، هەروها دوورماندەخاتەوە لەوەی خۆمان بە ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراوەوە ببەستینەوە کە سەرەنجام بێ ئەوەی کێشەکان چارەسەرکرابن، لە ناو بازنەیەکی بەتاڵدا هەموومان لە دەوری کات بەفیرۆدان و پەکخستنی خزمەتگوزارییەکان کۆدەکاتەوە.

لەم راستییەوە کە سەیری ماوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، هەستدەکەین ئەو قۆناخە جارێکی دیکە شایستەی ئەوەیە کە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، کاتێك هەندێك هەڵوێست و رەفتاری نێچیرڤان بارزانیمان بیردێتەوە، کە چۆن لە پێناوی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێداندا هەنگاوی بۆ هەڵگرتوون، هەستدەکەین نەك ئێمە وەك هاوڵاتی جۆرە گومانێکمان لەسەر ئەو هەڵوێست و بەرنامانەی هەبووە کە لەو کاتەدا رایگەیاندوون یان کاری پێکردوون، بەڵکو ئێستا ئاکامی ئەو بەرنامانەی بەرێزی پیادەیکردوون پێمان دەڵێت، خودی نێچیرڤان بارزانیش جۆرە گومانێکی لەسەر هەنگاوەکانی خۆی هەبووەو نەیتوانیوە ئەوەی ئاکامی رەفتارەکانی پیشانی ئێمەی داوە لە دەستپێکی کارەکانیدا پیشانمان بدات، ئەمەش وەك لەو دوو دێڕەی جۆن دیوی بیرمەندی فەلسەفەی پراگماتیزم کە لەسەر دێڕی ئەم بابەتە ئاماژەمان پێکردووە ئاکامی بەرنامەی حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی پێمان دەڵێت.. لەدەستپێکی کابینەی پێنجەمی هەرێمی کوردستاندا، نێچیرڤان بارزانی

**پێمانوایە، ئەگەر سیستەمی کاری دامەزراوەیی ئەو سیستەمەی نێچیرڤان بارزانی لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پیادەی کرد زیاتر پایەکانی بچەسپێت و کابینە لە دوای کابینە ئامانجی ئەوەبێت پایەکانی ئەو سیستەمە پتەو تر بکات، ئەوا کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان دروست دەبێت**

**لەدەستپێکی کابینەی پێنجەمی هەرێمی کوردستاندا، نێچیرڤان بارزانی وەزیفەی ئەقڵی لە کاری دامەزراوەیی و سیستەمی حکومڕانی کوردستاندا گۆڕی و وەزیفەیەکی دیکەی بۆ ئەقڵ دیاریکرد**

وەزیفەی ئەقڵی لە کاری دامەزراوەیی و سیستەمی حکومڕانی کوردستاندا گۆڕی و وەزیفەیەکی دیکەی بۆ ئەقڵ دیاریکرد،بەوەی پێویستە بەرهەمی ئەو ئەقڵە لەکاری دامەزراوەیی و پەرەپێدان و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستاندا ڕەنگبداتەوە، ئەم ئامانجە کە نێچیرڤان بارزانی کردی بە وەزیفەی ئەو ئەقڵەی کەبەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێداڕشت، لەسەر ئەو بنەمایە پێناسەی بەرنامەکەی نەکرد کە ئەمە چوارچێوەیەکە بۆ پێناسەی هەقیقەت و دەبێت یاسا لە پێناوی پێناسەکردنەوەی ئەوهەقیقەتە دابڕێژرێت و دەربڕینی بیروبۆچوونە جیاوازەکانمان بکەونە ژێر پێناسەی ئەو هەقیقەتەوە، نەخێر بەرنامەی کابینەی پێنجەمی حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی بەو جۆرە هەقیقەتی پێناسە کردەوە، کە هەقیقەتی تەواو لای هیچ لایەك نییە، دەبێت هەموومان گومان لەسەر بیروبۆچوونەکانی خۆمان دروستبکەین و هەموو ئەو پێکهاتە جیاوازانەشی لە حکومەتدا بەشدارن، دەبێت بەبەشدارییان لەناو کاری دامەزراوەیی حوکمڕانی کوردستاندا بۆ تێپەڕاندنی قۆناخی ئینتیقالی لە کوردستان هەقیقەتێکی هاوبەش دروستبکەن، کە ئەمەش نابێتە هەقیقەتی ڕەها، لەبەر ئەوەی هەقیقەتی ڕەها دروست نابێت و لە کۆمەڵگەی کراوەشدا هەرگیز هەقیقەتی ڕەها دروست نابێت، لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی لایەنێك یان حکومەتێك بانگێشە بۆ ئەوە دەکات کە گەیشتۆتە هەقیقەتی ڕەها، ئەوا جاری لەناوبردنی گومان دەدات و جیاوازی کۆمەڵگە لە ناو بازنەی یەکڕەنگی کۆمەڵگە لە بازنەی بوون بە دیکتاتۆردا دەتوێنێتەوە.

ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان زوو هەستمان بە ئاراستەی هەنگاوەکانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بونیادنانی کاری دامەزراوەیی کرد، هەر بۆیە بەردەوام خۆمان لەناو ئەو گومانانە دەدۆزییەوە کە بەرنامەی کابینەی پێنجەم خۆی دروستی کردبوو، بۆیە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنەکانمان بۆ بەرنامەی کابینەی پێنجەمی هەرێمی کوردستان، هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی واقیعبینانە بوو، دەمانویست لەو لایەنەوە بەشداری لە چەسپاندنی سیستەم و کاری دامەزراوەیی لە کوردستان بکەین، کە وەزیفەی ئەقڵ بۆ پیشاندانی ماسولکەی مەعریفە نییە بۆ نووسینی ڕاپۆرت و بەدواداچوون بۆ ئەوەی خەڵك گومانەکانی لەسەر بەرنامەی حکومەت نەمێنێ، نەخێر کاری ئێمە ئەوەبوو بە خەڵکی خۆمان بڵێین ئێمەش وەك ئێوە ئەم گومانەمان لەسەر بەرنامەی کابینەی پێنجەم هەیە ئێوە چەند گومانی دیکەتان هەیە و چەند پرسیاری نەورووژێنراوتان هەیە تا پێکەوە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بکەین، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی بەرهەمی بەرنامەی حکومەت سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان و پێشخستنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و خۆشگوزەرانی هاوڵاتییان بێت، نەك پیشاندانی بەرنامەکە وەك ئەوەی گەلی کوردستان خەڵات بکات، لای ئێمە جوانترین پێناسە بۆ نێچیرڤان بارزانی ئەوەبوو، کە ئەو دەستەونەزەر ڕاوەستابوو فەرمانی گەلەکەی جێبەجێ بکات، سەلماندی ئەرکی سەرشانییەتی بەوەفا بێت بۆ ئەو بەڵێنانەی بەگەلی خۆیداوە، بەڵام نەك هەڵسەنگاندنێکی ڕەها نەك ڕەخنەگرتنێکی ڕەها، بەڵکو ڕەخنە گرتن لە میانەی ئەو جیاوازییانەی کە لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەیدا لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ دروستی کردبوو، ڕەخنە گرتنێك لەو جیاوازییانەی کە پێویستە لە نێوان ئەمڕۆ و سبەیدا دروستبێت، بەراوردێك لە نێوان ئەوەی ئێمە ئومێدمان بۆ دەخواست جێبەجێ بکرێت و ئەوەی لەواری پراکتیکیدا جێبەجێکراوە، بۆیە هەموو کات بەدوای ئەو هۆکارانە کەوتووین، ئایا هۆکاری ئەو جیاوازییانە چین لە نێوان مەزندەکانی ئێمە و ئاکامی کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دروست بوون؟

## سەرکەوتنی کاری پراگماتیزمانە سەرهەڵدانی گومان و وورووژاندنی پرسیارە

ئەگەر وەك پێناسە بۆ مانای پراگماتیزم بگەڕێینەوە، ئەوا لە فەلسەفەی یۆنانیدا پراگما (Pragma) بەمانای کارکردن هاتووە، ئەمەش واتە ئەو ئاکامانەی لە میانەی کارکردن دەردەکەون و ئەقڵ لەسەر ئەرزی واقیع تاقیدەکرێتەوە، وەك ئەوەی فەیلەسوفی بەناوبانگی جیهانی ئەمانوئێل کانت پێیەڵێت ئەقڵی ئەمپیری واتە ئەو ئەقڵەی لە بواری پراکتیکدا تاقیدەکرێتەوەو لە ئەقڵی موجەرد (خالیس) جیادەکرێتەوە، لەسەر ئەم بنەمایە کاتێك وشەی پراگماتیزم بەکاردەهێنین دەبێت بۆ ئەو کەسە بەکاری بهێنین کە بەشێوەیەکی پراکتیکی بەرهەمی ئەقڵ،یان بەرنامەکانی خۆیمان پیشاندەدا.

بەڵام مێژووی سەرهەڵدانی پراگماتیزم مێژوویەکی کۆنی نییە، لە ئەوروپا و یۆنانەوە بە جیهاندا بڵاو نەبۆتەوە یان لە ئەوروپاوە ئەتڵەسی نەبڕیوە لە ئەمەریکا بڵاو بووبێتەوە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە پراگماتیزم وەك فەلسەفە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لەسەردەستی ئەم بیرمەندانە وەك (چارلز ساندرس بیرز، ولیام جێمس، جۆن دیوی ) دروست بووەو، پاشتر و دوای ئەوەی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە جارێکی دیکە لە ئەتڵەسییەوە پەڕیوەتەوەو گەڕاوەتەوە بۆ ئەوروپا و پاشان بەسەرانسەری جیهاندا بڵاوبۆتەوە، ئەم پێشکەوتنەی لە چۆنیەتی ڕەفتار و کارکردن بە لۆژیکی پراگماتیزمیانە تەنها بۆ بواری حوکمڕانی و سیاسەتکردن نەبووە، بەڵکو هەموو بوارەکانی مەعریفە و زانستی گرتۆتەوەو کە چۆن هەر کارێك یان مەعریفەیەك یان تیۆرێکی زانستی هەڵبسەنگێرێت،بێگومان وەك ئەو بیرمەندانە پێناسەکەیان دارشتۆتەوە پراگماتیزم واتە(ئەو پەیوەندییە حاسمانەی کە لەنێوان ئەو مەزندەو ئاکام و پۆلێنکردنەوانەی ئێمە بە قسە دەریدەبڕین دروستدەبێت، لەگەڵ ئەو

**بەرهەمی بەرنامەی حکومەت سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان و پێشخستنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و خۆشگوزەرانی هاوڵاتییان بێت، نەک پیشاندانی بەرنامەکە وەک ئەوەی گەلی کوردستان خەڵات بکات**

**جوانترین پێناسە بۆ نێچیرڤان بارزانی ئەوەبوو، کە ئەو دەستەونەزەر ڕاوەستابوو فەرمانی گەلەکەی جێبەجێ بکات، سەلماندی ئەرکی سەرشانیەتی بەوەفا بێت بۆ ئەو بەڵێنانەی بەگەلی خۆیداوە**

مەزندەو بیروبۆچوونانەی کە بەهۆیانەوە کەسێك ئامادەباشی تێدایە کار بەو مەزندەو بۆچوونانە بکات)، ئەمەش واتە ئێمە هەموومان قسە لەسەر بابەتێك دەکەین و مەزندە و بیربۆچوونەکانی خۆمانی لەسەر دەردەبڕین و لەمیانەی ئەو قسانەوە پۆلێنی مەسەلەکان دەکەین، ئەم مەسەلەیە جیاوازە لە هەمان بیروبۆچوون و مەزندە کە کەسێك لەسەر بنەمای ئەو بیروبۆچوون و مەزندانە ئامادەیە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە کاربکات،کەواتە کە دەڵێین فلان سەرکردە یان زانا،یان حاکم پراگماتیزمیانە کار دەکات، واتە ئێمە هەڵسەنگاندن لەسەر ئاکامی کارەکەی دەکەین و لەگەڵ ئامانجەکانی خۆمان بەراوردی دەکەین و بڕیاری لەسەر دەدەین، نەك لەسەر وشەو قسە بریقەدارەکانی حاکمەکە یان زاناکە یان سەرکردەکە، بۆ ئەوەی مەسەلەکە لە چوارچێوەیەکی زانستی زیاتر روونبکەینەوە، دەڵێین تیۆرە زانستییەکانیش دوای ئەوەی کاریان پێدەکرێت، لەسەر بنەمای سوودو بەرژەوەندی کۆمەڵگە هەڵدەسەنگێرێن نەك لەسەر بنەما زانستییەکەی، لەوانەیە ئەمە لە سەرەتاوە تۆزێك قورس بێت، لەبەر ئەوەی چۆن بنەمای زانستی دەکرێت بە قوربانی بنەمای پراکتیکی لەسەر بنەمای قازانج و زیان بۆ کۆمەڵگە؟، لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین دۆزینەوەی وزەی ئەتۆم کە چەند زانستێکی گەورەیە،بەڵام لەبەر ئەوەی لەبواری پراکتیکدا تیۆری وزەی ئەتۆم بۆمبی ئەتۆمی لێ بەرهەمهات و مرۆڤایەتی بەچاوی خۆی کارەساتەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی بینی، بۆیە نەك مرۆڤایەتی ئەم زانستەی رەتکردەوە بەڵکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاژانسێکی دروستکردووە بەناوی ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ وزەی ئەتۆمی بۆ ئەوەی رێگە لە بڵاوکردنەوەی ئەم زانستە بگیرێت، وەك چۆن ئێستا هەموو جیهانی رۆژئاوا خەریکی ئەوەیە نەهێڵێت ئەم زانستە لە ئێران کاری پێبکرێت، یان هەوڵبدەن ئەو رێگایانەی ئەم زانستەی پێ پیادە دەکرێت نەگاتە دەست رێکخراوێکی تیرۆرستی ئەلقاعیدە، ئەمە بۆ هەندێك پیادەکردنی تەکنەلۆژیاش لە بواری زانستی پزیشکیش مەترسی لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی دروستکردووە، بەتایبەتی زانستی کۆپیکردنی مرۆڤ کە مرۆڤ لە دیاری پەروەردگارەوە دەگۆڕێت بۆ دیاری و دەستکردی مرۆڤ، ئەمە ئایندەی مرۆڤایەتی دەخاتە مەترسییەوە، فۆکۆیاما لە کتێبی ئایندەمان لە دوای مرۆڤایەتییەوە (Our Post Human Future) باس لەمەترسی بایۆتەکنۆلۆژی دەکات کە چۆن ئایندەی مرۆڤایەتی دەخاتە مەترسییەوە، بۆ یە داوا لە مرۆڤایەتی دەکات ئەقڵی خۆیان بخەنە خزمەتی رەواندنەوەی ئەو مەترسییەی کە لەو زانستە پێشکەوتووەوە دروستدەبێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا تێکەڵاوکردنی زانستی پزیشکی و تەکنەلۆژیا (بایۆتەکنەلۆژی) هەمووی رەتکەینەوە، نەخێر بەڵکو لەو بوارانەی کە بەکردیی پێماندەسەلمێنێت ئاییندەی مرۆڤایەتی دەخاتە مەترسیەوە.

تێکەڵاوکردنی ئەم دوو بوارە زانستییە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی پراگماتیزم، لە پێناوی ئەوەبوو ئەو سنوورە ئایدیۆلۆژیانە ببەزێنین کە لە پرۆسەی سیاسیی و حوکمڕانیکردندا، هەقیقەت یان راستی بە باڵای ئایدۆلۆژییەکانیان پێناسە دەکەن و ئەقڵی مرۆڤ دەخەنە ژێر ئەو پێناسەیەی ئەو ئایدلۆژیایە بۆ هەقیقەتی دروستکردووە، کەواتە لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو وتە بەرزەی چارلز ساندرس بیرز کە دەڵێت: (پراگماتی دەزانێت گومان هونەرە و دەبێت بەزۆر دەستتبکەوێت) .

The pragmatism knows that)) doubt is an Art، which has to be acquired wit difficult، بیرز لەم وتە بەرزەی دۆزینەوەی گومان




**سەرکەوتنی کاری پراگماتیزمانە سەرهەڵدانی گومان و وروژاندنی پرسیارە**

**چۆن بنەمای زانستی دەکرێت بە قوربانی بنەمای پراکتیکی لەسەر بنەمای قازانج و زیان بۆ کۆمەڵگە؟**

**سیستەمی پێش قۆناخی ئینتیقالی بەرەو دیموکراتی، لەهەموو وڵاتانی تازە پێگەیشتوو سیستەمێکی شمولی نادیموکراتیانە بووە**



هەڵسەنگاندنی قۆناخی ئینتیقالی لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان پەیوەستە بە دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە و بەراوردکارییەکی میکانیکی نییە

نێچیرڤان بارزانی لەماوەی کەمتر لە چوارساڵدا هەندێک بنەمای دیموکراتی وەهای چەسپاند کە هاوشێوەی ئەو دەوڵەتانەیە کە خاوەنی سەدان ساڵ سیستەمی لیبرال دیموکراتین

بۆ ئـــەوەی هەقیقەت وەك هەقیقەتێکی ڕێژەیـــی ســـەیر بکرێت نـــەك ڕەها بە بنەمـــای کاری پراگماتیـــزم دەزانێت، ئاماژەش بەوەدەکات گومان بەئاســـانی نادۆزرێتەوە.

## گومانەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ دارِشتنی بەرنامەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەگـــەر دوای ٤ ســـاڵ جارێکـــی دیکـــە بەرنامەی کابینـــەی پێنجەمی حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان بخوێنینـــەوە، هەســـتدەکەین خـــودی بەرنامەکـــە دۆزینـــەوەی کۆمەڵێـــك گومانە، کە نێچیرڤان بارزانی لەســـەر ئەرزی واقیع هەوڵیداوە کار لەســـەر ئەو گومانانە بـــکات، بێگومان بەرنامەی کابینـــەی پێنجەم هەمـــوو لایەنەکانی ژیانـــی کۆمەڵگەی ئێمـــە دەگرێتەوە، بۆیە ئەو گومانانـــەی لەو بەرنامەیەدا دۆزراونەتەوە و ڕێکخراون بۆ بەرنامەی کار و جێبەجێکردن، ئەو گومانانەیە کە پێویستە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئێمە بگرێتـــەوە، لەمەش گرنگتـــر کارکردن بـــە میتۆدی هەوڵدان بـــۆ دۆزینەوەی گومـــان، بە دۆزینـــەوەی گومانێك و دووان و ورووژاندنی پرســـیارێك و دوان کۆتایی نایەت، بەڵکو کاتێك گومانێك دەدۆزرێتەوە بۆ ورووژاندنی پرسیارێك، ئەمە خۆی دەبێتە هەوێنی دۆزینەوەی گومانێکـــی دیکـــە بـــۆ ورووژاندنی پرسیارێکی دیکە یان ڕەخنەیەکی تازە. تێگەیشـــتن لە میتـــۆدی کارکردن بەم شـــێوەیە نەك بۆ ئێمە وەك هاوڵاتیانی کوردســـتان بەڵکـــو بـــۆ هەمـــوو ئەو دەوڵەتانەی کە بەهاوشێوەیە لە قۆناخی ئینتیقالی و بونیادنەوەی وڵاتی خۆیانن، کارێکـــی ئاســـان نییە،لەبـــەر ئەوەی سیســـتەمی پێش قۆناخـــی ئینتیقالی




بـەرەو دیموکراتـی، لەهەموو وڵاتانی تازە پێگەیشـتوو سیستەمێکی شمولی نادیموکراتیانە بووە، ئەو جۆرە سیستەمانە هەموو کات هەوڵیـداوە کار بە یەقین بکات و لە گومان دووربکەوێتەوە، بۆیە ئەوانە گومانیان دۆزیوەتەوەو پرسیاریان وروژاندووە بەرووی دەسـەڵاتدا، وەك دوژمنی دەسەڵات سەیرکراون، لەمەش خراپتر ئەو بیروبۆچوونەی دەسـەڵات وەك سـەرچاوەیەکی زانیـاری بۆتـە بەشـێك لە کولتـووری کۆمەڵگە،بەو کولتوورە لەگەڵ دەسەڵات لە قۆناخی ئینتیقالی کراوە، بۆیە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە هەتا ئێسـتاش ئەو نموونانە زۆر کەمـن کە وەك نێچیرڤان بارزانی بەرگەی ئـەوەی گرتبێت، لە ناو کۆمەڵگە و لە ناو دەسـتەبەژێری رۆشنبیر و کاری میدیاییدا دۆزینەوەی گومـان کارێکـی ئاسـایی بێـت و وروژاندنی پرسـیار و رەخنە بەردەوام بێت، کە دەشـڵێین کەمن ئەو نموونانە دەتوانین راشـکاوانە ئاماژە بەچەندین نموونە بکەین، هەر بۆنموونە ژاپۆن کە بەسـەرکەتووترین دەوڵەت لەسەرئاستی بونیادنانـەوەی نەتەوەو پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیا دادەنرێت، لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە تائێسـتا یەك حزب حوکمڕانـی دەکات کـە ئەویش حزبی لیبرال دیموکراتی ژاپۆنیە، سـنغافورە لەسـاڵی ١٩٥٩-٢٠١٠ یـەك حـزب حوکمڕانی دەکات، کۆریای باشـوور لە دەستپێکی پرۆسـەی بونیادنانەوە پارك چانـگ بە کودەتای سـەربازی هاتە دەسـەڵات و هەتا ئـەو رۆژەی تیرۆر کرا بـە درێژایی نزیکەی ٢٠ سـاڵ سـەرۆکی کۆریای باشور بوو، ئەڵمانیا کە نموونەی پێشـکەوتووی دیموکراتی ئامـاژەی پێدەکرێـت، هەتا ئێسـتا حکومەتی ئەڵمانیـا بۆی هەیە حزبی سیاسیی دابخات و رووبەڕووی دادگای باڵای ئەڵمانیـای بکاتەوە،ئێمە ناڵێین سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە پراگماتیزمانە بـۆ بونیادنانـەوەی وڵاتـی خۆیـان کاریان نەکـردووە، بەڵکو دەڵێین بواری ئابووری و سیاسەتیان لێکجیاکردۆتەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای دوور و نزیکیان لە بلۆکی سۆشیالیستی سـەردەمانی شەڕی سـارد مامەڵەیان لەگەڵ سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتانە کردووە، تەنها مەرجێـك بۆ دانپێنانیان بە سیسـتەمی سیاسـیی ئەو وڵاتانە ئاسـتی دوورو نزیکیان بووە لە بلۆکی سۆشیالیسـتی و بلۆکی رۆژئاوا، هەر بۆنموونە کاتێك پارك چانگ کودەتای بەسـەر سـینگمان رەی لـە کۆریای باشوور کرد، ئەمەریکا سەرەتا دەیویست دان بە حکومەتەکـەی چانگ نەنێت و لەبەر ئـەوەی گومانـی هەبوو کە چانگ پیاوێکی چەپە و لەوانەیە سەر بە سۆڤێت بێت، بەڵام کەبۆی دەرکەوت چانـگ لەبـری دووبارەکردنـەوەی ئەزموونی سـۆڤێت، ئەزموونی ژاپۆن دووبارە دەکاتەوە ئەمەریکا پێشـوازی لـە حکومەتەکەی پارك چانگ کرد و بەرەسمی دانی پێدانا.

بۆیـە پێکـەوە گرێدانـەوەی هەردوو بواری سیاسـیی و ئابـووری پێکەوە و گرێدانـەوەی یەکرێـزی نیومالـی کورد و یەکرێزی کوردسـتانییەکان بە پێشکەوتنی ئابووری و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانەوەو دروستکردنی بنەمایەك بۆ

لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە هەتا ئێستاش ئەو نموونانە زۆر کەمن کە وەک نێچیرڤان بارزانی بەرگەی ئەوەی گرتبێت، لە ناو کۆمەڵگە و لە ناو دەستەبەژێری رۆشنبیر و کاری میدیاییدا دۆزینەوەی گومان کارێکی ئاسایی بێت و وروژاندنی پرسیار و رەخنە بەردەوام بێت، بۆنموونە ژاپۆن کە بەسەرکەتووترین دەوڵەت لەسەرئاستی بونیادنانەوەی نەتەوەو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دادەنرێت، لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە تائێستا یەک حزب حوکمڕانی دەکات کە ئەویش حزبی لیبرال دیموکراتی ژاپۆنیە، سنغافورە لەساڵی ١٩٥٩–٢٠١٠ یەک حزب حوکمڕانی دەکات، کۆریای باشوور لە دەستپێکی پرۆسەی بونیادنانەوە پارک چانگ بە کودەتای سەربازی هاتە دەسەڵات و هەتا ئەو رۆژەی تیرۆر کرا بە درێژایی نزیکەی ٢٠ ساڵ سەرۆکی کۆریای باشوور بوو، ئەڵمانیا کە نموونەی پێشکەوتووی دیموکراتی ئاماژەی پێدەکرێت، هەتا ئێستا حکومەتی ئەڵمانیا بۆی هەیە حزبی سیاسیی دابخات و رووبەڕووی دادگای باڵای ئەڵمانیای بکاتەوە

چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە ڕێگەی دەستوور و شێوازی دیموکراتیانە، هەروەها چارەسەرکردنی کێشە ئیقلیمیەکان لەسەر بنەمای پێکەوە وتووێژکردن و ڕێزگرتن لەبەرژەوەندی ئابووری و سیاسیی هاوبەش، نموونەیە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە تائێستا بێجگە لە حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی ٢٠٠٦- ٢٠٠٩ بێ وێنەیە و سەردەمی ئەمڕۆش سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیارییەکانە هەموو کەسێك لە ماڵی خۆیدا و لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەی دەتوانێت ئەم قسەیەی ئێمە بەراورد بکات تا ڕاستییەکانی چنگ بکەوێت.

لێرەوە پێش ئەوەی بێنە سەر ئەو گومانانەی کە بەرنامەی حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی لەسەر داڕێژراوە، بە خوێنەرانی خۆمان دەڵێین هەڵسەنگاندنی قۆناخی ئینتیقالی لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان پەیوەستە بە دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە و بەراوردکارییەکی میکانیکی نییە، هەر بۆ نموونە تورکیا چەندین ساڵە لە قۆناخی ئینیتقالیدایە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام چەندین دەوڵەتی دیکە لە ناوەڕاستی ئەوروپا هەن کە زۆر دوای تورکیا بوونە کاندیدی یەکێتی ئەوروپا و ئێستا ئەندامی یەکێتی ئەوروپان، بۆیە نابێت تورکیا بەو دەوڵەتانە بەراورد بکرێت، یان ئەوان بە پێشکەوتوو و تورکیا بەدواکەتوو دابنرێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی ئەوروپای ناوەڕاست خاوەنی بنەمایەکی لیبرالیزمین و، بوونە بەشێك لە بلۆکی سۆشیالیستیش حزبە چەپەکانی ئەو وڵاتانە ماوەیەك ئەو کۆمەڵگایانەیان لە پیادەکردنی لیبرالیزم دابڕاندووەو کولتووری لیبرالیزم لەو وڵاتانە ڕیشەیەکی قوڵی سەدان ساڵەی هەبووە، بەڵام لە تورکیا کولتووری خەلافەتی دەوڵەتی عوسمانی ڕیشەیەکی قوڵی هەبووە، کاتێکیش هەوڵیاندا کولتووری خەلافەت بسڕنەوە بە پیادەکردنی سوکولاریزمێکی دیکتاتۆریانە بنەمای کۆماری تورکیا داڕێژرایەوە، بۆیە ئێستا تورکیا لە هەوڵی سڕینەوەی ئاسەوارە سلبیەکانی کولتووری خەلافەتی عوسمانی و کولتووری دیکتاتۆریانەی سکۆلاریزمدایە، بەڵام دەوڵەتانی ئەوروپای ناوەڕاست ڕاستەوخۆ گەڕانەوە بۆ کولتووری لیبرالیزم و بەماوەیەکی زۆر کەم ماوەی کاندیدکردنی ئەندامییەتی یەکێتی ئەوروپایان بڕی، ئێمەش لێرەدا کە ماوەی حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانی لە کابینەی پێنجەم وەك ماوەیەکی بێ وێنە لە مێژووی حوکمڕانی هەموو دەوڵەتانی قوناخی ئینتیقالی لەجیهاندا ئاماژە پێدەکەین، مەبەستمان ئەوەیە نێچیرڤان بارزانی لەماوەی کەمتر لە چوارساڵدا هەندێك بنەمای دیموکراتی وەهای چەسپاند کە هاوشێوەی ئەو دەوڵەتانەیە کە خاوەنی سەدان ساڵ سیستەمی لیبرال دیموکراتین، ئەم هەڵسەنگاندنە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی بونیادنانەوەیەی کوردستان لەگەڵ ٦٠ ساڵی ژاپۆن یان پەنجا ساڵی سنگافورە و کۆریا بەراورد بکرێت، بەڵام لە ڕووی ڕێکخستنەوەی سیستەمی سیاسیی کوردستان وەك سیستەمی کاری دامەزراوەیی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئێستا ئەو سیستەمە سیاسییەی لە کوردستان پیادە دەکرێت زۆر لە پێش هەموو سیستەمە سیاسییەکانی هەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوەیە بە کۆریا و ژاپۆن و سەنگافوراشەوە، هەتا ئێستا لە هیچ کام لەو وڵاتانەی ئاماژەمان پێکردن پرۆسەی دەستاو دەستکردنی دەسەڵات بەو شێوەیە نەبووە کە چەند مانگێك لەمەوپێش نێچیرڤان بارزانی پیشانیدا.

ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ ئەو گومانانەی کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەسەر ئەو هەقیقەتە باوانەی لە کوردستان هەبوون دروستیکردن، ئەوا ڕاشکاوانە دەڵێین:

١- ئەگەر زۆر ڕاشکاوانە بدوێین هەقیقەتێکی باو لای هەردوو لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی هەبوو کە زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئەم دوولایەنە پێکەوە وەك یەك لایەن کاربکەن،ئەمە لە ڕۆژانی خەباتی چەکداری شاخ و لە ڕۆژانی حکومڕانی فیفتی —فیفتی و دووئیدارەیی ئەو هەقیقەتە بوو کە زاڵ بوو بەسەر ئەقڵی سیاسیی کوردستاندا، تەنانەت لەو کاتانەشی کە بڕیاردرابوو هەردوو ئیدارە یەکبگرێتەوە، هەندێك لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی هەردوولا پێیان وابوو ئەم کارە مەحاڵە، بەڵام لەیەکەم هەنگاوی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاشکاوانە لە میدیاکانەوە گومانی خۆی لەسەر ئەو هەقیقەتە ئاشکرا کردو ئەو پرسیارەی ئاراستەی هەموو گەلی کوردستان کرد، ئایا بۆچی پارتی و یەکێتی ناتوانن وەك یەك لایەن لە حکومەتدا پێکەوە کاربکەن؟ ئایا جیاوازی نێوان پارتی و یەکێتی چییە وا ئەم هەقیقەتەی دروستکردووە؟ ئەو بوێرانە بە گەلی کوردستانی ڕاگەیاند کە پارتی و یەکێتی وەك ئامانجی هاوبەش هیچ جیاوازییەکیان نییەو دەبێت ئەو هۆکارانەی ئەو هەقیقەتە باوەی دروستکردووە کە ناتوانن پێکەوە کاربکەن، گومانیان بخەینە سەر ئەو هۆکارانەو پەکیبخەین، دۆزینەوەی ئەو هۆکارانە و کارکردنی نێچیرڤان بارزانی لەسەر ئەو گومانەی لەم خاڵە لای دروست بوو، وایکرد کە ئیدی ئەو هەقیقەتە ببێتە شتێکی بێ مانا و هەقیقەتی کاری پێکەوەی و هاوبەش جێگەی بگرێتەوە، بەڕێز جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرۆك کۆماری عێراق تەنها دوای تێپەربوونی کەمتر لە ٢ ساڵ بەسەر کارکردنی نێچیرڤان بارزانی بەو بەرنامەیە و یەکخستەوەی جومگەکانی پارتی و یەکێتی وەك جومگەی یەکبەندی لەجەستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیاری کرد، کە دەبێت نێچیرڤان بارزانی بۆ ماوەی ٢ ساڵی دیکە ئەو بەرنامەیە پیادە بکات بۆ ئەوەی پێکەوە کارکردن ببێتە سیستەم،ئەمە یەکێکە لەو دەستکەوتانەی ماوەی حوکمڕانی

**ئێستا ئەو سیستەمە سیاسییەی لە کوردستان پیادە دەکرێت زۆر لە پێش هەموو سیستەمە سیاسییەکانی هەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوەیە بە کۆریا و ژاپۆن و سەنگافوراشەوە، هەتا ئێستا لە هیچ کام لەو وڵاتانەی ئاماژەمان پێکردن پرۆسەی دەستاو دەستکردنی دەسەڵات بەو شێوەیە نەبووە کە چەند مانگێك لەمەوپێش نێچیرڤان بارزانی پیشانیدا**

**ئەم ڕێزگرتنە لە نێچیرڤان بارزانی لەسەر ئەوە نەبووە کە نێچیرڤان بارزانی خیتابی سەرنجراکێشی پێشکەش کردووە، بەڵکو لەسەر ئەوە بووە ئاکامی کارەکانی سەرنجی جیهانی ڕاکێشاوە**

ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتی کۆریای باشور بە بری ١٠ ملیار دۆلار گرێیدا، هەروەها دانانی مەرج بەسەر ئەو کۆمپانیایانەی نەوت لە کوردستان دەردەهێنن دەبێت پارەیەکی باش بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە سەرفبکرێت کە نەوتەکەی لێ دەردەهێنرێت، وەک چۆن بری ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری لەو پارەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی گەرمیان تەرخانکرد، ، لە ئایندەیەکی نزیکدا بەردی بناخەی زانکۆی گەرمیانیشی پێ دادەنرێت

لەسەر ئاکامی تاقیکردنەوە و کارکردن بڕیار دەدرێت نەک پێشوەختە



لــە کوردســتان کە هەمــوو جیهان بە ئیعجابــەوە لێی دەڕوانــن و نێچیرڤان بارزانیان بەشایســتەی ئەوە زانیوە وەك سەرکردەیەکی لاوی جیهانی و شایەنی ئەوەی مەدالیــای دیموکراتی دوو لە هەرە بەرزترین سەرکردەکانی دیموکراتی لــە جیهاندا (واشــنتۆن و جیفرســۆن) پێبەخشرێت. ئەم ڕێزگرتنە لە نێچیرڤان بارزانی لەسەر ئەوە نەبووە کە نێچیرڤان بارزانی خیتابی سەرنجراکێشی پێشکەش کردووە، بەڵکو لەسەر ئەوە بووە ئاکامی کارەکانی سەرنجی جیهانی ڕاکێشاوە.

٢- نێچیرڤان بارزانــی ئەو گومانەی دۆزییــەوە کە ســڕینەوەی کاولکاری کوردســتان و بونیادنانــەوەی وڵاتێکی کاولکراو و پشــتگوێ خراو، بەو بەشە داهاتە ســەرکەوتوو نابێت کە وەك بەشە داهاتی کوردستان لە بودجەی حکومەتی عێراق بۆی دیاریدەکرێت،ئەو هەســتی بەوەکردبــوو ئەگــەر بەتەمای بەشــە داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بین، ئەوا حکومەتی کوردســتان دەبێتە ژمێریارێکی گەورە بۆ دابەشکردنی ئەو داهاتە وەك مووچە بەســەر هاووڵاتیان و هەڵســووڕانی دامەزراوەکانــی حکومەت، ئــەم گومانــەی وایلێکرد بەدوای ڕێگەی دیکە بگەڕێت،ئەویش کردنەوەی دەرگای کوردستان بوو بۆ وەبەرهێنــی بیانی و ناوخــۆ، هەروەها بەســوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی وزە لەکوردســتان و گرێدانــی کۆنتراکتی نەوت لەگــەڵ کۆمپانیا جیهانییەکانی پترۆل و گرێدانی ڕێککەوتنامە بە بڕی چەندیــن ملیــار دۆلار بەناوی (نەوت بەرامبەر خزمەتگوزاری و بونیادنانەوە) وەك ئــەو ڕێککەوتنــەی لەگــەڵ کۆمپانیاکانی نەوتی کۆریای باشور بە بڕی ١٠ ملیار دۆلار گرێیدا، هەروەها دانانی مەرج بەسەر ئەو کۆمپانیایانەی نــەوت لە کوردســتان دەردەهێنن دەبێت پارەیەکی باش بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە سەرفبکرێت کە نەوتەکەی لێ دەردەهێنرێت، وەك چۆن بڕی ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری لەو پارەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی گەرمیــان تەرخانکرد، ئەم پارەیــە بێجگە لەوەی هــەزاران خانوو و قوتابخانــە و دروســتکردنی ڕێگە و قیرتاوکردنــی پــێ جێبەجێدەکرێت، لە ئایینددەیەکی نزیکدا بــەردی بناخەی زانکۆی گەرمیانیشــی پێ دادەنرێت، ئەگەر تەنهــا ئاکامی ئــەم هەوڵانە لەماوەی چوارســاڵدا بــەراورد بکەین، هێرش موحەرەم ســەرۆکی دەســتەی وەبەرهێنانــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٩ و لــە لێدوانێکی تایبەتــی بۆ گوڵان زۆر جوان ئەو جیاوازییەی بۆ خســتینە ڕوو وتــی: ((لە دەســتپێکی کابینەی پێنجــەم کاتێك هەوڵماندەدا ســەرنجی وەبەرهێنی بیانی ڕابکێشــین بۆ ئەوەی بێنــە کوردســتان و ســەرمایەکانیان بەگەڕبخەن، لێیاندەپرســین ئێوە چیتان پێویســتە، ئێمە دەمانوت هەموو شتێك، ئەوان لەم وەڵامەی ئێمە تێنەدەگەیشتن و بەلایانەوە ســەیر بــوو، نەیاندەزانی بەراســتی ئێمە هیچمــان نییە، بەڵام ئێستا(ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٩) کە قسە دەکەین دەزانین چیمان پێویستە، ئێستا دەتوانین پێیان بڵێین چیمان پێویســتە و چیمان پێویست نییە. ئێستا داوا دەکەین ئــەو کۆمپانیایانە بێنە کوردستان کە قۆناخــی تــەواوکاری پرۆژەکانمان بۆ تەواو بکــەن)) لەمەش گرنگتر و هەر لەساڵی ٢٠٠٩ ژەنەراڵ جەی گەرنەر کە یەکێکە لەو سیاسەتمەدارە خانەنشینانەی ئەمەریکا کە ئێستا لە کوردستان بزنس دەکات، لە کۆڕێکدا بە بزنســمانەکانی ئەمەریکای ڕاگەیاندبوو، ئەو کەشوهەوا ئارام و سەقامگیرەی نێچیرڤان بارزانی لە کوردستان دروســتیکردووە، هیچی لە سەقامگیری شــارەکانی ئەمەریکا کەمتر نییە، بۆیە ئێستا کۆمپانیاکانی هەموو جیهان ڕوو لە کوردســتان دەکەن ئێوەش لەم هەلە دواکەوتن.

ئەمانە هەر قســە نیــن و بەس، بابێین بەراوردێك لە نێوان ئەو بەشــە بودجەیە بکەین کــە لە بەغــداوە هاتــووە بۆ کوردســتان و لە ناو ئەو بودجەیەشــدا ئەو بــڕە جیابکەینەوە کە بۆ پەرەپێدانی کوردستان تەرخانکراوە دەبینین لەماوەی نزیکەی ٤ ســاڵی ماوەی حوکمڕانی نێچیرڤــان بارزانی تەنهــا چەند ملیار دۆلارێکــی بەرکەتــووە، بــەڵام با لە پارێزگاکانی کوردســتان بکەین پارەی هەڵســوڕاو تەنها لە ســێ پارێزگای کوردســتان چەندە، دەبینین بە ســەدان ملیــار دۆلاری هەڵســووڕاو دادەنرێت، ئەمەیە ئــەو جیاوازییانەی کە ماوەی حوکمڕانی نێچیرڤــان بارزانی فێرمان دەکات.

٣- لە بواری پەرەپێدانی توانای مرۆیی و بەگەڕخستنی توانای ئافرەت، لەگەڵ ئەوەی لە کوردســتان بە گەڕخســتنی توانای ئافــرەت تەنهــا بەپەرلەمانتارو وەزیــر دەپێورێت، ئێمە دەڵێین با ئێســتا بە سەرەتای دەستپێکی کابینەی پێنجەم بەراورد بکەین و بچین ئامارێك وەربگرین ئایا لەمــاوەی حکومڕانــی نێچیرڤان بارزانــی چەند زانیاری تــازەی بواری کارگێــری دامــەزراوەکان و چۆنیەتی هەڵســوڕاندنی پــرۆژەکان فێربووین؟، هەر بۆ نموونە لە دەســتپێکی کابینەی پێنجەمــدا زۆر زاراوەی وەك (کوالیتی کۆنترۆل، کواڵێتی ئەشورانس، گۆڕینی کاری بیرۆکراتی حکومەت لە بیرۆکراتی ئاســاییەوە بۆ حکومەتــی ئەلکترۆنی، بەکارهێنانــی کۆمپیوتەر و بەکارهێنانی بــۆ ئاســانکردنی کاری کارگێــڕی و دروستکردنی ئەرشــیفی ئەلکترۆنی و هەروەها دامەزراندنی سیستەمی بانکی بــۆ مووچەی فەرمانبــەران.. چەندین هەنگاوی دیکە) باپرسین ئایا لەماوەی ئــەم چەند ســاڵەدا چەنــد کارمەندی حکومــەت (نەك خوێنــدکار و قوتابی) پــەرە بــە تواناکانیــان دراوە لەهەموو بوارەکانی کارگێــڕی و هونەری و ئایا تاچەند بەردەوامی بە مەشق و ڕاهێنانی کادیرانــی حکومەت دراوە لــە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، ئەمانــە بەرهەمــی ئەو گومانانەی نێچیرڤــان بارزانی بوو کە بۆی دەرکەوتبوو دەبێت پشــت بە توانای کادیرانی خۆماڵی خۆمان ببەستین بەڵام دەبێت ئەو توانایــە ڕێکخرابێت و پەرەی پێدرابێت.ئەمە جیــاوازە لە خیتابی ئەو سەرکردانەیەی کە بۆ بانگێشەی سیاسی

**ژەنەراڵ جەی گەرنەر لە کۆڕێکدا بە بزنسمانەکانی ئەمەریکای ڕاگەیاندبوو، ئەو کەشوهەوا ئارام و سەقامگیرەی نێچیرڤان بارزانی لە کوردستان دروستیکردووە، هیچی لە سەقامگیری شارەکانی ئەمەریکا کەمتر نییە**

**ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا کە هیچ خاڵێکی بەراوردکاری لەرووی هێزی سەربازییەوە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا نییە، بەیەکێک لە دیارترین سەرکەوتنە دبلۆماتییەکانی نێچیرڤان بارزانی دەژمێردرێت**





داوای بەکارهێنانی توانای خۆماڵی دەکەن، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی گومانی لەو توانا مەشقپێنەدراو و پەروەرپێنەدراوە هەبوو کە بتوانێت بە ئاستی پێویست بەشداری لە بونیادنانەوەی کوردستان بکات، بۆیە بەرنامەی بۆ پەرەپێدانی ئەو توانایەی دارشت، ئەم واقیعبینییەی نێچیرڤان بارزانی چەند راستییەکی بۆ سەلماندین:

أ- لەسەر ئاکامی تاقیکردنەوە و کارکردن بریار دەدرێت نەك پێشوەختە.

ب- ئەو فیکرییە سوودی هەیە کەسوود بۆ هەموو کۆمەڵگە بەرهەمدەهێنێت.

ت- بەهای فیکر بەهای ئەو ئاکامانەیە کە بەدەستیدەهێنێت.

ث- باش ئەوەیە کە سوودی گشتی هەبێت و خراپ ئەوەیە زیانی بۆ کۆمەڵگە هەبێت.

٤- لە بواری چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و هەرێم و دەوروبەر، ئەو شێوازەی پێدەکرد کە رێگەی راست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەو رێگایە کە بە هۆکاری ئاشتی و سیاسیی و دەستووری و دیموکراتی چارەسەر دەکرێن، نەك بە شێوازی شەڕ و چاو سووركردنەوە، بەڕێزی لەچەندین بۆنەدا ئەو راستییانەی دووپاتکردەوەو کە گەلی کورد لەبەر ئەوەی مافی زەوتکراوە و چەوسێنراوەتەوەو خەبات بۆ ئەوە دەکات ماف بگەڕێتەوە بۆ هەموو لایەك کەس چیدیکە غەدری لێنەکرێت، بۆیە رایگەیاند بەرنامەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گێرانەوەی ناوچە دابڕاوەکان جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و دەنگدانی هاوڵاتیانی ئەو ناوچانەیە کە خۆیان بریار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن،لەسەر ئاستی پەیوەندییە ئیقلیمییەکانیش بە تایبەتی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، کە تا ئەوپەڕی ئاڵۆز بوو، تەنانەت لایەنی تورکیا کەوتە بەکارهێنانی هێزی سەربازیش، بەڵام نێچیرڤان بارزانی هەوڵیدا بەلایەنی تورکی بسەلمێنێت چەند سوپاکەتان بە هێزتر بێت کێشەکە ئاڵۆز تر دەبێت، چەند هێزی دبلۆماتی و ئامادەباشیتان بۆ چارەسەری سیاسیانە بەهێزتر بێت باشتر دەرگای کرانەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان ئاسانتر دەبن، هەربۆیە ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا کە هیچ خاڵێکی بەراوردکاری لەڕووی هێزی سەربازییەوە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا نییە، بەیەکێك لە دیارترین سەرکەوتنە دبلۆماتییەکانی نێچیرڤان بارزانی دەژمێردرێت.

٥- بێگومان ئێمە لەم راپۆرتە ناتوانین بە شێوەیەکی ورد لەسەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانە رابووەستین کە لەماوەی حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانی لە هەرێمی کوردستان روویانداوە، ئەوەی ئێستا دەتوانین بە خێرایی ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە ئێستا ئەو شتانەی لە چوار ساڵ پێش ئێستا وەك هەقیقەت سەیر دەکران، دەبینن هەقیقەتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووەو مانای دیکەیان وەرگرتووە، هەر بۆ نموونە ئەو رەخنەیەی ئێستا لە کوردستان هەیە پێش کابینەی پێنجەم بوونی نەبوو، هۆکاری ئەمە ئەوە نییە کە خەڵك حوکمڕانی کابینەی پێنجەمی بەدڵ نەبوو، بەڵکو کابینەی پێنجەم خۆی خەڵکی فێرکرد ئەو شتانەی پێیاندەوترێت هەقیقەتی تەقلیدی و باو لە ناو کۆمەڵگە دەبێت گومانیان لەسەر بکەین و پرسیاریان بە رووودا بوروووژێنین، ئەمەش ئەگەر لەچەند دێرێکدا کورتی بکەینەوە دەڵێین حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانی فێری کردین ((ئەقڵ ئامانجی خۆی بەدیناهێنێت هەتا خاوەنەکەی بۆ کارێکی سەرکەتوو هەڵی نەسوورێنێت، فیکری سەرکەوتووش ئەو فیکرییە کە ئەزموون دیسەلمێنێت و هیچ بەرنامەیەك بە راست دانانرێت بێجگە لەو ئاکامانەی پێشکەشمانی دەکات)).

ئەو رەخنەیەی ئێستا لە کوردستان هەیە پێش کابینەی پێنجەم بوونی نەبوو، هۆکاری ئەمە ئەوە نییە کە خەڵک حوکمڕانی کابینەی پێنجەمی بەدڵ نەبوو، بەڵکو کابینەی پێنجەم خۆی خەڵکی فێرکرد ئەو شتانەی پێیاندەوترێت هەقیقەتی تەقلیدی و باو لە ناو کۆمەڵگە دەبێت گومانیان لەسەر بکەین و پرسیاریان بە رووودا بوروووژێنین

**جۆن ئەوین بۆ گوڵان:**

# سیاسەتی چەند ساڵی ڕابردووی حکومەتی هەرێمی کوردستان چیرۆکی سەرکەوتنە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا

**پرۆفیسـۆر جۆن ئەوین ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ڤێرجینیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کاریگەری ئایدۆلۆژیاو کولتوور لەسەر سیاسەت لە جیهاندا، هەروەها پسپۆڕە لە تیۆری سیاسیی و سیاسیەتی ئەمریکاشدا، بۆقسەکردن لەسەر حکومڕانی باش و هەنگاوی پراگماتییانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پرۆفیسۆر ئەوین بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

جۆرج بوش چەندین هەڵەی لە عێراق و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردووە، لە کاتێکدا کە هەوڵی پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لەم ناوچەیەدا دەدا

*** دیاردەیەکی دیکە لە مێژووی لیبراڵیزم و دەوڵەتە لیبراڵییەکاندا بەدیدەکرێت کە بریتییە لەوەی هەرگیز دەوڵەتە لیبراڵییەکان لەگەڵ یەکدا شـەڕیان نەکردووە، یاخود گرژی و ئاڵۆزییەکـی گەورە لـە نێوانیاندا نەبووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە پیاوی دەوڵەت لە دەوڵەتی لیبراڵیزمدا بە شێوەیەکی پراگماتی هەنگاو هەڵدەگرێت؟**

- ئەوە ڕاسـتە کە دەوڵەتـە لیبراڵییەکان لەگەڵ یەکدا شـەڕیان نەکـردووە، بەڵام پرسـیارەکە ئەوەیە ئایا کارێکی پراگماتیە هەوڵبدرێت دیموکراسی لە ناوچەیەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبکرێتەوە؟ ئەمە مشتومڕێکی زۆری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و لە ئەورووپاشـدا لەسەرە، بەڵام تیرِوانینی من ئەوەیـە لیبراڵەکان پێیانوایە لـە دوای ویـدرۆ ویلسـنەوە سیسـتمی نێودەوڵەتی گۆڕاوە و ئێستا دەوڵەتگەلێکی دیموکراسـی زیاتر بەدی دەکرێت، دەوڵەتە دیموکراسـییە لیبراڵەکانیش لەگەڵ یەکدا شـەڕناکەن و پتر بازرگانی لەگەڵ یەکدا دەکـەن و زیاتر بەشـداری لـە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەکـەن و پتر متمانەیان پێدەکرێت لـە جێبەجێکردنـی ئیلتیزاماتە نێودەوڵەوتییەکانیاندا، هەروەها کاتێك شەڕ لەگەڵ دەوڵەتە نادیموکراتەکانیشـدا دەکەن سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. لەبەر ئەوە باوەڕم وایـە لیبراڵیزم پتر پراگماتیە بە بەراورد بە ڕابردوو، هەروەها لە واقیعبینەکانیش زیاتر پراگماتیـە لەبـەر ئـەوەی واقیعبینەکان جیاوازی لە نێوان دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا ناکەن و مەسەلەکە تەنها پەیوەست دەکەنەوە بە دەسەڵاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا لیبراڵەکان پێیانوایە ئەمە چیتر تیرِوانینێکی واقیعی نییە.

*** لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا کە بەدەست چەندین کێشەوە ناڵاندویەتی ئایا ئەگەری ئەوە هەیە لە ڕێی گرتنەبەری پراگماتیزمەوە بتوانێت کێشەکانی چارەسەربکات؟**

- لە ڕاسـتیدا ئەمە گەورەترین پرسـیارە لە بواری کاروبـاری نێودەوڵەتیدا، باوەڕم وایـە ئیدارەی جۆرج بوش چەندین هەڵەی لـە عێراق و لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا کردووە، لە کاتێکدا کە هەوڵی پەرەپێـدان و بڵاوکردنەوەی دیموکراسـی لـەم ناوچەیەدا دەدا، زۆرێـك لەو هەڵانە هەڵەی تاکتیکی بوونە. باوەڕم وایە هێشتا سـتراتیجیەتی پەرەپێدانی دیموکراسـی ستراتیجیەتێکی سەرکەوتووە، سەرکەوتووترە لەو ستراتیجییەتەی باوەڕی بە پەرەپێدانی دیموکراسـی نییە لەم ناوچەیەدا، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ دەوڵەتی دیاریکراوی ئەم ناوچەیەدا بەهۆی بوونی هێزە ئیسـلامییە ڕادیکاڵـەکان و ڕەوتی سـەلەفیەتەوە ئەوا کرانەوەی دیموکراسـی لە مەودای نزیکدا دەبێتـە هەنـگاو هەڵگرتن بـۆ داوە و بە شکسـت لەقەڵەم دەدرێت، لەبـەر ئەوەی ئەم هێزانە تێیدا دەسـەڵات دەگرنەدەست، بـەڵام بەهەڵەداچوونـە ئەگـەر ئەمە بە هەلومەرجێکی هەمیشەیی لەقەڵەم بدەین، لەبەر ئەوەی دەکرێت ئـەم وڵاتانەش بەرەو دیموکراسیەتێکی دەستووری و سەقامگیری هەنگاو بنێـن، بۆ نموونـە دەکرێت ئەمە لە عێراقدا ڕووبدات و سـەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بە تایبەتی ئێمە نموونەی کوردستان لەو وڵاتەدا بەدی دەکەین.

*** کوردسـتان کە بەشـێکە لـە عێراق، بەڵام ئارامترین و سـەقامگیرترین بەشی وڵاتەکەیە، پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایا ئەمە تا چ ڕادەیـەك ڕەنگدانەوەی گرتنەبەری سیاسـەتی پراگماتیە لەلایەن سـەرکردە کوردەکانەوە؟**

سەرکردە کوردەکان لە حکومەتی هەرێمدا بەرپرسیارانە ڕەفتاریان کردووە و کارەکانیان جێی ئیعجابە

- سـەرکردە کوردەکان زۆر لەچەند سـاڵی ڕابردوو لە حکومەتی هەرێمدا بەرپرسیارانە ڕەفتاریان کردووە و کارەکانیان جێی ئیعجابە، هەروەهـا بوونەتە نموونەیەکی باش هەم بۆ عێـراق و هەم بۆ وڵاتانی ئیسـلامیش لە بـواری جێگیرکردنی دیموکراسـیەتێکی دەسـتووری و پراگماتیدا کـە خزمەت بە خەڵکـی وڵاتەکە بگەیەنێـت، لەبەر ئەوە زۆرکەس بـە ئیعجابێکـی ئیجابییەوە لەم



جۆن ئەوین



ئەزموونە دەڕوانن و ئێمە باوەڕمان وایە یەکێکە لە چیرۆکە گەورەکانی سەرکەوتن لە ماوەی بیستساڵی رابردوودا.

*** کوردستان چەندین هەڕەشەی ئیقلیمی لەسەر بوو، بە تایبەتی لەلایەن تورکیاوە، بەڵام هیچ توندوتیژییەکی سەربازی روونەداوە و ئێستاش پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەردوولادا هەیە، ئایا ئەمە لە چوارچێوەی پراگماتیزمدا چۆن تەفسیر دەکرێت و ئایا دەکرێت ببێتە نموونەیەك بۆ سەرتاسەری عێراق؟**

- لە راستیدا دەکرێت ئەمە ببێتە نموونەیەك بۆ ئەوەی ئایندەی زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکە بەم ئاراستەیەدا بڕوات، لە نێویاندا ئێران و ناوچەی باشووری ئاسیا. ئەگەر ئێمە لە ئەزموونی تورکیا بڕوانین کە لە رووی مێژووییەوە دەوڵەتێکی عەلمانی بووە، ئێستا ئەوە بەدی دەکەین کە پارتێکی سیاسی حکومڕانێتی دەکات کە خەلفییەتێکی ئیسلامی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی بە شێوازێکی پراگماتی کاربکات و جیاوازییەکان بە شێوەیەکی توندوتیژ یەکلانەکاتەوە و لە چارەسەرکردنی کێشەی کوریشدا پەنا بۆ توندوتیژی نەبات. کەواتە مەرج نییە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان عەلمانییەکی تەواو بن بۆ ئەوەی دیموکراسیەتێکی دەستووری پیادە بکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە نموونەی هەندێ وڵاتی ئیسلامیمان هەیە کە شەریعەتی ئیسلامی بۆتە سەرچاوەی یاساکانیان و دیموکراسیەتێکی دەستووریش پیادە دەکەن، واتە دیموکراسیەتێکی دەستووریان هەیە و بەها ئیسلامییەکانیشیان پاراستووە. کەواتە هەندێ لەم وڵاتانە لە نێوان عەلمانیەتێکی تەواو و ئیسلامیبوونێکی تونددا رێگەی سێیەمیان هەڵبژاردووە. لەم روانگیەوە هیوادارم لە دوای سەقامگیربوونی عێراقەوە عەرەبەکانی ئەو وڵاتە و لە راستیدا وڵاتە عەرەبیەکان و ئێرانیش هەمان ئەو ئەزموونەی کوردستان دووبارە بکەنەوە، لەبەر ئەوەی زۆرجار سەرکەوتنی ئەزموونێك لە رێی بنیاتنانی دامەزراوەگەلێکی دیاریکراوەوە لە وڵاتێکدا ئەو پاڵنەرە دەخوڵقێنێت کە لە وڵاتانی دیکەشدا دووبارە بکرێتەوە، هەرچەندە لە سەرەتادا پاڵنەرەکە باوەڕبوون بەو دامەزراوانە نییە، بەڵکو پاڵنەرەکە سەرکەوتنی ئەوە دامەزراوانەیە لەو وڵاتەدا کە بۆ یەکەمجار بنیات دەنرێت.

*** زۆرجار پیاوی دەوڵەتی سەرکەوتوو بە کەسێکی پراگماتی دادەنرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێناسەی پراگماتیزم چیە و چ خەسڵەتێك پیاوی دەوڵەت دەکاتە کەسێکی پراگماتی؟**

- پراگماتی بەوە پێناسە دەکرێت کە ئەو سیاسەتە یاخود ئەو کردارەیە کە بۆ هێنانەدی ئامانجێك دەگیرێتەبەر کە توانای بەدەستهێنانی هەیە بە کەمترین باج یاخود باجێکی بۆ بدرێت کە مایەی قبوڵکردن بێت و لە ماوەیەکی زەمەنی مەنتیقیشدا، واتە پێچەوانەی ئەو سیاسەتەیە کە هەوڵی هێنانەدی ئامانجێکی زۆر زەحمەت یاخود ئامانجێکی مەحاڵ دەدات.

*** زۆر لە شارەزایان پێیانوایە کە لیبراڵیزمیش لەسەر بنەمای پراگماتیزم بنیاتنراوە کە باوەڕی بە بەکارهێنانی هێزی دیپلۆماسی و پەنابردن بۆ گفتوگۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئایا چۆن دەتوانرێت پراگماتیزم بنیاتبنرێت لە دۆخێکدا کە لیبراڵیزم هیچ خەلفیەتێکی تێیدا نەبێت؟**

- لە راستیدا لیبراڵیزم و سیاسەتی دەرەوە پەیوەست دەکرێنەوە بە میسالیەتەوە نەك بە پراگماتیزمەوە، بۆ نموونە کەسێکی وەك سەرۆك ویدرۆ ویڵسۆن کە کەسێکی لیبراڵی بوو خەونی بە هێنانەدی سیستمێکی نێودەوڵەتیەوە دەبینی کە سیستمێکی زۆر باش و سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام واقیعبینەکان پێیان وابو کە ئەم تیڕوانینەی ویڵسۆن وەك پێویست پراگماتی و عەمەلی نییە. واتە واقیعبینەکان پێیان وایە ئەوان هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجگەلێك دەدەن کە پێیانوایە ئیمکانی هێنانە ئارایان هەیە، هەروەها میسالییەکان بە ناواقیعبینی تۆمەتبار دەکەن. پێموایە لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا کەسانێك هەن کە هەم لیبراڵی و هەم پراگماتین، لەبەر ئەوەی باوەڕیان وایە سروشتی سیستمە نێودەوڵەتیەکە گۆڕاوە و ئێستا دەکرێت کار بۆ بەدیهێنانی هەندێ لە ئامانجەکان بکرێت کە پێشتر بە ناواقیعی لێکدەدرانەوە، بۆ نموونە مەسەلەی پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ.

*** دوا وتەت چییە؟**

- کوردستانییەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە و جیهانیش سەرنج لەو سەرکەوتنەی ئێوە دەدات و پشتگریتان دەکات.

مەرج نییە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان عەلمانییەکی تەواو بن بۆ ئەوەی دیموکراسیەتێکی دەستووری پیادە بکەن

کوردستانییەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە و جیهانیش سەرنج لەو سەرکەوتنەی ئێوە دەدات و پشتگریتان دەکات

## جۆناس گەنەر بۆ گوڵان:

# دەبێت بەو شێوەیە لە پراگماتیزم بڕوانین کە بریتییە لە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی دیاریکراو بۆ کێشەکان

**پرۆفیسۆر جۆناس گەنەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فلادلیفیا و سەرۆکی بەشی دیراساتی حکومەتە لە زانکۆی ناوبراو، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی پیادەکردنی سیستمی دامەزراوەیی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارسەرکردنی کێشەکان، پرۆفیسۆر گەنەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**چەندین هێزی سیاسی هەن کە هێزگەلێکی لیبراڵی نین، بەڵام هێزگەلێکی پراگماتین**

*** زۆر جار پێناسەی پراگماتیز بەو ئاراستەیە دەکرێت کە پراگماتیز میتۆدێکە بۆ سوودی گشتی و لەسەر بنەمای ئاکامی کارەکانی بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئایا تۆ چۆن پراگماتیزم پێناسە دەکەیت؟**

- بەو شێوەیە پێناسەی پراگماتیزم دەکەم کە بریتییە لە ئامادەیی بۆ دەستکاریکردنی ئاست و مەودای ئەو ئامانجەی خوازیاریت بەدەستی بهێنیت، لەگەڵ ئەو ئامادەییەی بۆ گۆڕینی ئەو ئامرازەی دەتەوێت بەهۆیەوە ئامانجەکەت بهێنیتەدی.

*** ئایا چۆن دەتوانرێت پراگماتیزم پیادەبکرێت لە دۆخێکدا کە لیبراڵیزم هیچ خەلفیەتێکی تێیدا نەبێت؟**

- پێموایە چەندین هێزی سیاسی هەن کە هێزگەلێکی لیبراڵی نین، بەڵام هێزگەلێکی پراگماتین، لەبەر ئەوە پێموانیە بوونی لیبراڵیزم بە زەرورەت بۆ پراگماتیزم سەربکێشێت.

*** دیاردەیەکی دیکە لە مێژووی لیبراڵیزم و دەوڵەتە لیبراڵییەکاندا بەدی دەکرێت کە بریتییە لەوەی هەرگیز دەوڵەتە لیبراڵییەکان لەگەڵ یەکدا شەڕیان نەکردووە، یاخود گرژی و ئاڵۆزییەکی گەورە لە نێوانیاندا نەبووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە پیاوی دەوڵەت لە دەوڵەتی لیبراڵیزمدا بە شێوەیەکی پراگماتی هەنگاو هەڵدەگرێت؟**

- پێموایە هۆکاری ئەو ئاشتییەی لە نێوان دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا هەیە، یاخود هۆکاری ئەوەی کە دیموکراسییەتە لیبراڵییەکان شەڕ لەگەڵ یەکدا ناکەن، تەنها پەیوەست نییە بە پیادەکردنی پراگماتیزم و ئامادەیی بۆ سازشکردن لەگەڵ یەکدا، بەڵکو باوەڕم وایە هۆکارەکە زیاتر بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کە پابەندبوونێکی


جۆناس گەنەر

بەهێز و باشتریان هەیە، لەبەر ئەوە بۆ من روون نییە کە چۆن گرتنەبەری پراگماتیزم بە تەنها هۆکاری ئەوەیە کە دیموکراسیەتە لیبراڵیەکان دووچاری شەڕکردن لەگەڵ یەکدا نابن. لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە کە سازشکردن و موساوەمەکردن بەشێکە لە کولتووری دیموکراسیەتە لیبراڵییەکان.

**لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەی راستەقینە هەیە و پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە، واتە ناکرێت تەنها پراگماتیزم بە چارەسەری تێکڕای کێشەکان لەقەڵەم بدەین**

*** لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بەدەست چەندین کێشەوە ناڵاندویەتی ئایا ئەگەری ئەوەیە هەیە لە رێی گرتنەبەری پراگماتیزمەوە بتوانێت کێشەکانی چارەسەربکات؟**

- باوەڕم وایە پراگماتیزم تەنها بەشێکە لەو هەوڵانەی کە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کێشانەدا دەدرێن، چونکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەی راستەقینە هەیە و پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە، واتە ناکرێت تەنها پراگماتیزم بە چارەسەری تێکڕای کێشەکان لەقەڵەم بدەین، بەڵکو پراگماتیزم یەکێکە لە رێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەکان و بە قەناعەتی من نابێت وەك ئامانجێك لە پراگماتیزم بڕوانین.

*** لە سالانی رابردودا کوردستان**

**چەندین هەڕەشـــەی ئیقلیمی لەسەر بوو، بـــە تایبەتی لە لایەن تورکیاوە، بەڵام هیچ توندوتیژییەکی سەربازی ڕوویننەداوە و ئێســـتاش پەیوەندییەکی باش لـــە نێوان هەردوولادا هەیە، ئایا ئەمە لـــە چوارچێوەی پراگماتیزمدا چۆن تەفسیر دەکرێت و ئایا دەکرێت ببێتـــە نموونەیەك بۆ سەرتاســـەری عێراق؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد چەندین کێشەی راســـتەقینە هەن کە خەڵکی بەدەســـتیانەوە دەناڵێنێت و دەبێت ئەم کێشانە چارەسەربکەین، هەروەها دەبێت بەو شێوەیە لە پراگماتیزم بڕوانین کە بریتییە لە ئامرازێك بۆ گەیشـــتن بە چارەسەرێکی دیاریکراو بۆ کێشەکان، لە هەمان کاتدا ئەگەر پرسیاربکەین بۆچی سەرکردە کوردەکان پراگماتیزیم پیـــادە دەکـــەن، بـــە قەناعەتی من هۆکارەکـــە ئەوەیـــە کە کـــوردەکان هەندێ لە ئـــاوات و ئامانجەکانیان هاتۆتـــەدی، وەك ئۆتۆنۆمیەی کە هەیانە، هەر لەم ڕوانگەیەوە هۆکاری ئەوەی گروپەکانی دیکە بەم شێوەیە ڕەفتار ناکەن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئامانجەکانیان نەهاتۆتەدی.

*** ئایا تـــا چ رادەیەك دەکرێت ئەو شـــێوازە پراگماتییەی لە کوردستاندا پیادە دەکرێت لە بەشـــەکانی دیکەی عێراقدا دووبارە بکرێتەوە؟**

- بەڵێ من تەواو هاوڕام لەگەڵتاندا کە دەکرێـــت ئەزموونی کوردســـتان بکرێتە مۆدێلێك و لە ڕاستیدا دەکرێت گەلان و کۆمەڵگە جیاوازەکان سوود لە ئەزموونە ســـەرکەوتووەکانی دیکە وەربگرن لـــە بواری سازشـــکردن و گەیشـــتن بە ڕێککەوتن و پرۆسەی ئاشـــتەواییدا. باشـــترە ســـوود لـــە ئەزموونێکـــی نزیکتـــر لەخـــۆت وەربگریت، نـــەك لە کۆمەڵگەیەکەوە کە زۆر دوورترە لێت.



پراگماتیزم بڕوانین کە بریتییە لە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی دیاریکراو بۆ کێشەکان

دەکرێت ئەزموونی کوردستان بکرێتە مۆدێلێک و لە ڕاستیدا دەکرێت گەلان و کۆمەڵگە جیاوازەکان سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی دیکە وەربگرن لە بواری سازشکردن و گەیشتن بە ڕێککەوتن و پرۆسەی ئاشتەواییدا

## پاتریک جاکسۆن بۆ گوڵان:

# ڕاستی و دروستی هەنگاوەکانی پیاوی دەوڵەت لەو کارەدایە کە ئەنجامی دەدات و تا چ ڕادەیەک هەنگاوەکانی لە سەرئەرزی واقیع کاران

**پرۆفیسۆر پاتریك جاكسۆن ئوستادی فەلسەفەی سیاسەتە لە زانكۆی ئەمریكا لەواشنتۆن و پسپۆرە لە تیۆری سیاسیی و شارستانییەتی رۆژئاواو فەلسەفەی زانستەكان، بۆ قسەكردن لەسەر چەمكی پراگماتیزم و میتۆدی ئەم فەلسەفەیە بۆ سەركەوتنی حكومڕانی، پرۆفیسۆر جاكسۆن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

پەیوەستکردنەوەی پراگماتیزم لەگەڵ لیبراڵیزمدا پتر پەیوەستکردنێکی مێژووییە لەوەی پەیوەستکردنێکی فەلسەفی پێویست بێت

*** زۆرجار پیاوی دەوڵەتی سەرکەوتوو بە کەسێکی پراگماتی دادەنرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێناسەی پراگماتیزم چیە و چ خەسڵەتێك پیاوی دەوڵەت دەکاتە کەسێکی پراگماتی؟**

- بەپێی تێگەیشتنی من پراگماتیزم فەلسەفەیەکە پێیوایە مەنفەعەت و ڕاستی و دروستی هاوتای یەکن، واتە ڕاست و دروستی هەنگاوەکانی پیاوی دەوڵەت لەو کارەدایە کە ئەنجامی دەدات، واتە ئایا بەهای عەمەلی هەنگاوەکانی چەندە و تا چ ڕاددەیەك هەنگاوەکانی لەسەر ئەرزی واقیع کاران، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو پیاوی دەوڵەتەی ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین پراگماتیە و ئایا پراگماتیزم ڕێگەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی و ڕاستی و دروستی هەنگاوەکانی ئەو کەسایەتییە.

*** ئێمە دەزانین کە دیاردەی پراگماتیزم پەیوەستە بە مەنهەجی سیاسی و حکومڕانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، کە لیبراڵیزمیش لەسەر بنەمای پراگماتیزم بنیاتنراوە کە باوەڕی بە بەکارهێنانی هێزی دیپلۆماسی و پەنابردن بۆ گفتوگۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئایا چۆن دەتوانرێت پراگماتیزم لە دۆخێکدا بنیاتبنرێت کە لیبراڵیزم هیچ خەلفیەتێکی تێیدا نەبێت؟**

- پێموایە پەیوەستکردنەوەی پراگماتیزم لەگەڵ لیبراڵیزمدا پتر پەیوەستکردنێکی مێژووییە لەوەی پەیوەستکردنێکی فەلسەفی پێویست بێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەکە کە هەندێ لە پراگماتیە ئەمەریکییەکان لە هەمان کاتدا کەسانێکی لیبراڵیش بوونە، بەڵام ئەمە جیاواز بوو لەو پراگماتیە تاکگەراییەی لە ئەوروپادا هەبوو، لەبەر ئەوە مەرج نییە پراگماتیزم لە هەمان کاتدا باس لە ئازادییە فەردییەکان و زەرورەتی بوونی حکومەتێکی بچووك بکات. کەواتە پراگماتیزم لە سیاقی کولتووری جیاوازدا کاردەکات، چونکە پەیوەستە بەوەی ڕاست و دروستی هەنگاوێك یاخود کردارێك لەو ڕوانگەیەوە هەڵدەسەنگێنێت کە تا چ



پاتریک جاکسۆن

ڕاددەیەك لەسەر ئەرزی واقیع کارابووە و کاریگەری لێکەوتۆتەوە، نەك ئەو کارە بەپێی یاسایەکی باڵا ئەنجامدرابێت، ئەمەش لە هەموو کولتوورێکدا توانای پیادەکردنی هەیە.

*** دیاردەیەکی دیکە لە مێژووی لیبراڵیزم و دەوڵەتە لیبراڵییەکاندا بەدی دەکرێت کە بریتییە لەوەی هەرگیز دەوڵەتە لیبراڵیەکان لەگەڵ یەکدا شەڕیان نەکردووە، یاخود گرژی و ئاڵۆزییەکی گەورە لە نێوانیاندا نەبووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە پیاوی دەوڵەت لە دەوڵەتی لیبراڵیزمدا بە شێوەیەکی پراگماتی هەنگاو هەڵدەگرێت؟**

- پێموایە هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرێك لە دەوڵەتە دیموکراسییە لیبراڵییەکان هەلومەرجێکی هاوشێوەیان هەبووە و خاڵی هاوبەشیان زۆر بووە، لەبەر ئەوەی توانیویانە لەسەر پرس و مەسەلە بنەڕەتی و گەورەکان بگەنە ڕێککەوتن و بتوانن جۆرێك لە هاوڕابوون لە نێوانیاندا دروست بکەن، واتە لیبراڵیزم لە هەناوی خۆیدا پراگماتیزمی هەڵنەگرتووە، چونکە هەندێ جار کۆمەڵگە لیبراڵییەکان بە گیانێکی پراگماتیەوە ڕەفتاریان نەکردووە و زۆرجار لە ڕوانگەی ئەوەی کە مافەکانی مرۆڤ مافگەلێکی جیهانیین کە پێویستە

لیبراڵیزم لە هەناوی خۆیدا پراگماتیزمی هەڵنەگرتووە، چونکە هەندێ جار کۆمەڵگە لیبراڵییەکان بە گیانێکی پراگماتیەوە ڕەفتاریان نەکردووە



پەرەیان پێبدرێت، هەڵساون بە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕژێمگەلێکی دیاریکراو و داگیرکردنی وڵاتان.

*** لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بەدەست چەندین کێشەوە ناڵاندیەتی ئایا ئەگەری ئەوە هەیە لە ڕێی گرتنەبەری پراگماتیزمەوە بتوانێت کێشەکانی چارەسەربکات؟**

- پێموایە ئەگەر هەرلایەك بە تەواوەتی دەستی بە بەها ئایینییەکانی خۆیەوە گرت، یاخود پابەندبوونێکی توندی هەبوو بەو بەهایانە و هەوڵی تێگەشتنی لە بەهاکانی دیکە نەدا ئەوا ڕێگایەك نامێنێتەوە بۆ لێکنزیکبوونەوە، بەڵام ڕێگاچارەی گونجاو لەم ڕووەوە ئەوەیە کە ولیەم جەیمس پێشنیاری کردووە لە بارەی باوەڕی ئایینییەوە، ئەویش ئەوەیە نابێت ئەو پرسیارە بکەین ئایا بیروباوەڕە ئایینییەکانی ئێمە ڕاست و دروستن یان نا، بەڵکو دەبێت ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا پیادەکردنی بەها و بیروباوەڕە ئایینییەکان چ کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکیان لەسەر ئەرزی واقیع و لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا دەبێت.

*** عێراق یەکێك لە پڕکێشەترین وڵاتانی دنیا و کوردستانیش بەشێکە لە عێراق، بەڵام ئارامترین و سەقامگیرترین بەشی وڵاتەکەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی گرتنەبەری سیاسەتی پراگماتیە لە لایەن سەرکردە کوردەکانەوە؟**

- ئەگەر لە کولتوورێکدا ئەو باوەڕە لە ئارادابێت کە بەها و بیروباوەڕەکانی ڕاستی ڕەهان، ناتوانرێت تێڕوانینێکی پراگماتی بنیاتبنرێت، واتە ئەمە کارێکە زەمینە خۆشکردنی کولتووری دەوێت، ئەوەی پەیوەست بێت بە وڵاتێکی وەك عێراقەوە، کێشەکە ئەوەیە لە ڕێی هێزێکی دەرەکییەوە کار بۆ سەپاندنی ئەم گۆڕانکارییە کراوە، واتە هەوڵدراوە شێوازی لەسەرەوە بۆ خوارەوە پیادەبکرێت و هەوڵدراوە بسەپێنرێت، لە کاتێکدا ئەمە پێویستی بەوەیە لەسەر ئاستی محەلی کاری بۆ بکرێت و هەوڵبدرێت زەمینەیەکی کولتووری بۆ دروست بکرێت.

*** لە ساڵانی ڕابردوودا کوردستان چەندین هەڕەشەی ئیقلیمی لەسەر بوو، بە تایبەتی لە لایەن تورکیاوە، بەڵام هیچ توندوتیژییەکی سەربازی ڕوویندداوە و ئێستاش پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەردوولادا هەیە، ئایا ئەمە لە چوارچێوەی پراگماتیزمدا چۆن تەفسیر دەکرێت و ئایا دەکرێت ببێتە نموونەیەك بۆ سەرتاسەری عێراق؟**

- پێموایە نابێت پەرە بەو قەناعەتە و تێڕوانینە بدرێت کە هەنگاوهەڵگرتنێکی پراگماتی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کە سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت، مەرجە بکرێتە نموونەیەکی ستاندارد و کار بۆ ئەوە بکرێت لە شوێنەکانی دیکەش دووبارە بکرێتەوە، واتە ناکرێت سەرکەوتنی هەوڵەکانی باشترکردنی پەیوەندی کوردەکان و تورکیا لە هەلومەرج و شوێنێکی جیاوازدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوە نابێت چارەسەرێکی پراگماتی دیاریکراو لەو چوارچێوەیەدا قەتیس بکەین کە بۆی گونجاو نییە.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك دەکرێت ئەو شێوازە پراگماتییەی لە کوردستاندا پیادە دەکرێت لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا دووبارە بکرێتەوە؟**

ئەمە پرسیارێکی قورسە، لەبەر ئەوەی لە کوردستاندا هەلومەرجێکی کولتووری و دۆخێکی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی جیاواز هەیە و من زۆرجار ئەو پرسیارە دەکەم ئایا دەکرێت سیاسەتێکی دیاریکراو لە سەرتاسەری عێراقدا پیادەبکرێت؟ ئایا نابێت تایبەتمەندی ناوچە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە لەبەرچاو بگرین؟ لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین کە دەوڵەتی عێراق بە چ شێوەیەك دروستکراوە. هەرچۆنێك بێت، پێموایە بۆ پەرەپێدانی ئەم شێوازە دەبێت لەسەر ئاستی محەلی دەست پێبکرێت و شێوازی لە خوارەوە بۆ سەرەوە پیادە بکرێت.

**نابێت پەرە بەو قەناعەتە و تێڕوانینە بدرێت کە هەنگاوهەڵگرتنێکی پراگماتی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کە سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت، مەرجە بکرێتە نموونەیەکی ستاندارد و کار بۆ ئەوە بکرێت لە شوێنەکانی دیکەش دووبارە بکرێتەوە**

**ئایا دەکرێت سیاسەتێکی دیاریکراو لە سەرتاسەری عێراقدا پیادەبکرێت؟**

دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن

# پێویستە حزبە سیاسییەکانی کوردستان چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن؟



بەپێی ئەو لێدوانانەی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشدار لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن و هەروەها ئەزموونی هەڵبژاردنی ٢٥ی تەموزی رابردوو، وا مەزندە دەکرێت ئاکامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن بەدیاربکەون و هەر لایەن و قەوارەیەکی سیاسیی بەشدار لە پرۆسە سیاسییەکە ڕێژەی دەنگی بەرکەوتووی خۆی بۆ دەربکەوێت، بۆیە ئەگەر ئاکامی فەرمی هەڵبژاردنەکانیش چەند رۆژێك یان هەفتەیەکیش دوا بکەوێت، ئەوا ئاکامە سەرەتاییە نافەرمییەکان زوو دەردەکەون، لێرەوە قسەی ئێمە لەسەر ئەوە نییە ئایا دوای راگەیاندنی فەرمی هەڵبژاردنەکان لایەنە سیاسییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاکامە فەرمییەکە دەکەن، بەڵکو قسەی ئێمە ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاکامە سەرەتاییەکان دەکرێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا لایەنە سیاسییەکان لە سەر ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتوو بۆ فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی بەغدا هەڵوێست وەردەگرن،(مەبەست هاوپەیمانی کوردستان نییە بە تەنها بەڵکو هەموو قەوارە سیاسییە کوردستانییە بەشدارەکان لە پرۆسەکەدا ) یان لەسەر ڕێژەی بەدەستهاتوو بۆ هەر لایەك لە چوارەچێوەی فراکسیۆنی کوردستان لە پەرلەمانی بەغدادا؟ ئەمە وێرای ئەوەی پرسیارێکی گرنگە و پێویستە سەرجەم لایەن و قەوارە سیاسییە کوردستانییەکان راشکاوانە هەڵوێستی خۆیان لەبارەوە بەئاشکرا دەرببڕن، لەهەمانکاتدا پێویستیشە کە رای گشتی کوردستان بەو ئاراستەیە بۆ پێشوازیکردن لەو ئاکامانە ئامادەبکەن، کە ئەگەر ناڕەزاییەك یان بێزارییەکیش دەرببڕن لەسەر ڕێژەی دەنگەکانی فراکسیۆنی کوردستانی لە بەغدا دەریببڕن، بێگومان ئەمە خۆزگەیەکە و ئێمە ئومێدی بۆ دەخوازین بەو ئاراستەیە بێت، بەڵام مەترسی ئەوەش هەیە کە هەندێك بۆچوونی حزبی تەسکی حزب و قەوارە سیاسییەکان ئەو لایەنە گرنگە فەرامۆش بکەن، کە ڕێژەی دەنگی فراکسیۆنی کوردستان لە ناو پەرلەمانی بەغدا گرنگە، نەك لایەنێکی کوردستانی چەند سەد دەنگێکی لە لایەنێکی دیکە یان چەند کورسییەکی زیاتر بە دەست هێنابێت، ئێمە لەو راپۆرتە بەوجۆرە سەیری ئاکامەکانی دەنگدان دەکەین، کە دەبێت لە روانگەی ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتوو بۆ فراکسیۆنی کوردستان لە پەرلەمانی بەغدا قسە بکرێت، ئەوجا لایەنێك دەنگی زیاتر هێناوە یان کەمتر ئەوە لە بەغدا خۆشی بێت و ترشی بێت دەبێت لە ئامانجە هاوبەش و چارەنووسسازەکان و کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر هەموو لە ژێر چەتری فراکسیۆنی کوردستان کۆببنەوەو بە راوێژ لەگەڵ سەرۆکی خۆیان

**ڕێژەی دەنگی فراکسیۆنی کوردستان لە ناو پەرلەمانی بەغدا گرنگە، نەک لایەنێکی کوردستانی چەند سەد دەنگێکی لە لایەنێکی دیکە یان چەند کورسییەکی زیاتر بە دەست هێنابێت**



**ئەگەر تای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن زوو هەموو قەوارە و لایەنە سیاسییەکان بەرنەدات و بەهەمان نەفەسی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن مامەڵە لەگەڵ ئاکامی دەنگدانەکە بکرێت، ئەوا گومانی تێدا نییە لەوانەیە ڕووبەڕووی هەندێک مەترسی ببینەوە کە بە قازانج بۆ پێگەی کورد لە بەغدا ناشکێتەوە**

هەرێمی کوردستان) توانای کوردستانییەکان بۆ هاوپەیمانی گرێدان و چۆنیەتی بەشداریکردن لە حکومەتی تازەی عێراق و چۆنیەتی خۆ ئامادەکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان ئامادەبکەن، پێش ئەوەی ئەمەریکا دەست بە کشانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا بکات.

### با تای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن زوو بەرمان بدات وەک خۆی مامەڵە لەگەڵ گرنگی هەڵبژاردنەکە بکەین

ئەگەر تای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن زوو هەموو قەوارە و لایەنە سیاسییەکان بەرنەدات و بەهەمان نەفەسی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن مامەڵە لەگەڵ ئاکامی دەنگدانەکە بکرێت،ئەوا گومانی تێدا نییە لەوانەیە ڕووبەڕووی هەندێک مەترسی ببینەوە کە بە قازانج بۆ پێگەی کورد لە بەغدا ناشکێتەوە، گرنگە لەم باردۆخەدا حزب و قەوارە سیاسییەکانی کوردستان کە ئەم هەڵبژاردنە کۆتایی مێژوو نییە و ئەگەر لایەنێک چەند هەست بکات دەنگیشی کەم بەدەست هێناوە بەڵام لەبەر ئەوەی دەنگەکان لە ناو ماڵی کوردستان دەرنەچووەو هەر چووە بۆ ئەو حزب و قەوارە سیاسییانەی کە نوێنەرایەتی کوردستانییەکان لە بەغدا دەکەن بۆیە دەبێت بە نەفەسێکی نیشتمانیانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخە بکات و هەوڵبدات لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان یان هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە بڕیارە لەچەند مانگی داێ لە کوردستان ئەنجامبدرێت تۆڵە بکاتەوەو بێگومان تۆڵەکردنەوە بە مانای بە خۆدا چوونەوە و خۆ ڕێکخستنەوە نەک بە مانای تۆڵە سەندنەوە لە بەرامبەر، ئەگەر پێشوازیکردن لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن بەم ئاراستەیە بێت(کە ئێمە ئومێد دەخوازین بەو ئاراستەیە بێت) بەو مەترسیانە هۆشیار ئەگەر هەندێک لایەنی ئیقلیمی و ناوخۆیی بۆ شێواندنی هاوسەنگی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ناوچە دابڕاوەکان ئەنجامی بدەن، ئەمە مەترسییە هەروا لە خۆرا باسی ناکەین و هەروا لە خۆمانەوە مەزندەی بۆ ناکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە وەک کورد و وەک کوردستانی لە دیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردنەکان و کورسی پارێزگاکان فێڵێکی گەورەمان لێکراوە، ئەو فێڵەی لێمانکرا هۆکارەکەی ئەوە نەبوو ئێمە بێ ئاگابووین، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەبوو ئێمە ئاگاداری ئەو هەوڵانەی ئەوان نەبووین کە بۆ زیادکردنی ڕێژەی دانیشتوانی خۆیان دابویان و ئێمەش بە سەر ڕاستی ئەو ژمارەیەمان پێشکەشکردن کە خۆمان وەک کوردستانی ئامادەمانکردبوو، بۆیە ئەگەر لە ڕێژەی دەنگدانیشدا ئەو فێڵەمان لێبکرێت و نرخی کورسییەک بەرزبکرێتەوە بۆ چەندین

**وەک کورد و وەک کوردستانی لە دیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردنەکان و کورسی پارێزگاکان فێڵێکی گەورەمان لێکراوە**

هەزار دەنگی زیاتر ئەوا ڕێژەی کورسییەکانی کورد بۆ پەرلمانی داهاتووی عێراق لەو ناوچانە کەمدەبێتەوە کە دابڕاون و کورد و کوردستانییەکان بە قەد ژمارەی خۆیان یان بەقەد ئەو ڕێژەیەی بەشدار بوون دەنگیان داوە.

لێرەوە دەکرێت ئاماژەیەکی خێرا بە زیادبوونی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق بکەین لە ٢٧٥ -٣٢٥ کورسی و ئەو چەند سەرنجە دەربڕین:

١- ئەو کاتەی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق ٢٧٥ کورسی، ڕێژەی کورسییەکانی کوردستان لە بەغدا(هاوپەیمانی کوردستانی + یەکگرتووی ئیسلامی ) ٥٧ کورسی بوو، بەڵام پەنجا کورسی بۆ پەرلمانی عێراق زیادکراوە، بەڵام ڕێژەی زیادبوونی کورسییەکانی کورد تەنها ٢-٣ کورسی یە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر بەرێژەی لە ٪٢٠ و زیادەیەی کە ڕێژەی کورسییەکانی کوردستانە لە بەغدا، دەبوو لەو پەنجا کورسییە زیادەیە لانی ١٠-١١ کورسی بۆ کوردستان بوایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێژەی کورسییەکانی کوردستان هاوشانی ڕێژەی کورسییەکانی عەرەبی عێراق زیادی نەکردووە، ئەوا مانای وایە وێڕای ئەوەی لە ماوەی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ لە ناوچەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق ئەو هەموو شەڕو شۆڕە هەبووە، بەڵام ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی ناوەڕاست و باشوری عێراق چەندین جار لە ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زیاترە.

٢- لەبەر ئەوەی پێش هەڵبژاردن ئەم فێڵە کراوە و فێڵەکەش لە ئاکامی هەڵوێستی سەرۆک بارزانی تێپەڕنەبوو، قبوڵکردنی بەسترایەوە بەچەند مەرجێکەوە، وەك پابەند بوون بەدەستووری عێراق و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و سازدانی ئامار لە ساڵی ٢٠١٠، بۆیە دەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاکامی هەڵبژاردن پابەندبین بە دووبارە هێنانەوە ئەو مەرجانە و بەڵێنی پابەند پێیانەوە لەلایەن قەوارە سیاسییەکانی عێراقەوە، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە هەتا ئامارێکی ڕاست و دروست لە عێراقدا ئەنجام دەدرێت، نابێت ڕێژەی دەنگدانی کوردستانییەکان وەک سەرچاوە بۆ دیاریکردنی بەشە داهاتی کوردستان بەکاربهێنرێت.

٣- دەبێت قبوڵکردنی ئاکامی دەنگدانی فراکسیۆنی کوردستانی لەسەر ئاستی عێراق بەستراێتەوە بەوەی کە نابێت هەندێك مەسەلەی چارەنووساز کە لەدەستووری عێراقدا نەخشەی چارەسەرکردنی بۆ دانراوە، بخرێتە بەردەم هەرەشەی کەمینەوە زۆرینە لە ناو پەرلەمانی عێراقیدا، بۆیە گرنگە فراکسیۆنی کوردستان (هەموو قەوارەو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان) بەرنامەیەکی



تازەیان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاکامی دەنگدان و چۆنیەتی گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی عێراقیدا هەبێت.

٤- بۆ کورد گرنگە بەشداری لە حکومەتی تازەی عێراقدا بکات، بەڵام ئەم بەشدارییە نابێت پچڕ پچڕ و هەرلایەك بۆ خۆی بێت، تەنانەت ئەگەر باردۆخەکە وای پێویستکرد کورد نەتوانێت بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی و حکومەتی داهاتووی عێراقدا بکات، باشترە کە کورد یان هەمووی بەشداری بکات یان هیچ لایەنێك بەشداری نەکات، لە هەردوو حاڵەتدا سەنگ و شکۆی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا پارێزراو دەبێت، گرنگە کۆنگرەی قاهیرەمان بۆ لایەنە سیاسییە عێراقییەکان لە بەرچاو بێت راستە هاوپەیمانی کوردستان بەتوندی ئەو کۆنگرەیەی رەتکردەوە، بەڵام بەرامبەر بۆ ئەوەی بۆ رای گشتی عەرەبی بسەلمێنێت بەشێکی کوردیش لەو کۆنگرەیە بەشدارە،ئەرشەد زێباری کۆنە بەعسی و یەکگرتووی ئیسلامی بانگهێشت کرابوو، راستە یەکگرتووی ئیسلامی هەتا نەچوونە قاهیرە لە مەرامی ئەو کۆنگرەیە ئاگادار نەبوون و دواتریش بەیانی کۆتایی کۆنگرەکەیان ئیمزا نەکرد، بەڵام ئەوان بۆ ئەوەی رای گشتی پێ چەواشە بکەن، هەوڵیان دابوو چەند کوردێك و لایەنێکی کوردستانیان لەگەڵدا بێت، بۆیە گرنگە حزب و قەوارە کوردستانییەکان لە ناو ماڵی کوردستاندا چەند ململانێی یەکتری بکەن ئاساییە، بەڵام کە چوونە بەغدا، یان کەسیری ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەکەن بۆ بەغدایە نەك بۆ کوردستان گرنگە لەسەر ئاستی نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ ئاکامەکە بکەن نەك لە روانگەی بەرژەوەندی ئەو لایەن و ئەولایەن یان ئەم حزب و ئەو قەوارە سیاسییەوە.

**نابێت رێژەی دەنگدانی کوردستانییەکان وەک سەرچاوە بۆ دیاریکردنی بەشە داهاتی کوردستان بەکاربهێنرێت**

٥- عەرەبی سوننەی عێراق کە بە بڕیاری دادگای عێراق چەندین پاڵێوراویان لە هەڵبژاردنەکان دوورخرانەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لە شوێنێکی وەك کەرکوك، دیالە، نەینەوا، تکریت، بەشدار نەبوونی لایەنگرانیان بۆ بەرژەوەندی کورد لە ناوچە دابڕاوەکان نەشکێتەوە داوایان لە لایەنگرانی خۆیان کردووە لە پرۆسەکەدا بەشداری بکەن، ئەمە مانای ئەوەیە کە مەسەلەکە هاتە سەر ئەوەی دەنگ نەدانیان دەبێتە هۆکارێك کە بەحسابی ئەوان کورد لێی سوودمەند بێت، ئاوا ئەوان ئامادەن دەست لەمافی خۆیان هەڵبگرن و بەشداری بکەن.

**گرنگە فراکسیۆنی کوردستان ( هەموو قەوارەو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان) بەرنامەیەکی تازەیان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاکامی دەنگدان و چۆنیەتی گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی عێراقیدا هەبێت**

ئەمانە ئەو لایەنە گرنگانەن کە پێویستە کورد و لایەنە کوردستانییەکان لە چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن و رەوینەوەی تای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەبەر چاوی بگرن.



## گەی وایتن بۆ گوڵان:

# لە عێراقدا هیچ پارت و لایەنێک ناتوانێت بە تەنها زۆرینە بەدەست بهێنێت، بۆیە ناچاردەبن حکومەتێکی هاوپەیمانێتی پێکبهێنن

**پرۆفیسۆر گەی وایتن ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی تەکساس و تۆژەری کاروباری سیاسەتی نێودەوڵەتییە لەئامۆژگای ۆردۆ ولسن، پسپۆر و تایبەتمەندە لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و ململانێی پارتە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە پرۆفیسۆر وایتن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



*** ئایا دەبێت پارتە سیاسییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا بکەن؟**

- لە ڕاستیدا ڕەفتاری پارتە سیاسییەکان دەوەستێتە سەر ئەو هەلومەرجەی پرۆسەی دەنگدانەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، ئەگەر هاتوو بەڵگەیەکی زۆر لە ئارادابوو کە ساختەکاری دەکرێت لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوا پارتە سیاسییەکان مافی خۆیانە نارەزایی دەربڕن، بەڵام ئەگەر هاتوو هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی عادیلانە و بە شێوەیەکی کراوە بەڕێوەچوون ئەوا پێویستە ئەنجامەکانی قبوڵ بکەن.

ئەگەر هاتوو هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی عادیلانە و بە شێوەیەکی کراوە بەڕێوەچوون ئەوا پێویستە ئەنجامەکانی قبوڵ بکەن

*** زۆر لە پارتە سیاسییەکان ئەگەرچی بەشداری هەڵبژاردنەکانیش دەکەن، بەڵام دیموکراسی لە ژیانی ناوخۆیی خۆیاندا پیادە ناکەن، ئایا ئەو پارتە سیاسیانە لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتادا دیموکراسی نین، چۆن ئەنجامەکە قبوڵ دەکەن؟**

- من باوەڕم وایە ئەوەی پەیوەست بێت بە ژیانی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکانەوە، ئەوا جیاوازی بەدی دەکەین لە نێوان پارتە سیاسییەکانی هەمان وڵاتدا لە ڕووی چۆنیەتی دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکانیانەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تەنانەت پارتە سیاسییەکانی کۆمەڵگە دیموکراسییە گەشەکردووەکانیش، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە دیموکراسین، پارتگەلێکی داخراون و پارتگەلێکی شەفاف نین. دواتر من پێم وانییە ئەم پارتانە هەڕەشەبن بۆ سەر دیموکراسی، لەبەر ئەوەی دەنگدەران لە کاتی پرۆسەی دەنگداندا ئەم ڕاستییە لەبەرچاو دەگرن و زۆرجار ئەم پارتانە باجی ئەوە دەدەن کە لە ژیانی ناوخۆی خۆیاندا دیموکراسی نین. هەروەها ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە لە هەردوو پارتی کرێکاران و پارتی موحافیزینی بەریتانیا بڕوانین ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەبێت کە پارتی کرێکارانی ئەو وڵاتە پتر دیموکراسییە لە ژیانی ناوخۆیی خۆیدا، بە تایبەتی لە ڕووی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکانەوە.

*** لەو وڵاتانەی کە لە ڕووی ئیتنی و ئاینییەوە فرەییان تێدایە، دەبینین زۆرجار سندوقەکانی دەنگدان دۆخێکی مەترسیدار بۆ سەر کەمینەی وڵاتەکە دروست دەکەن، واتە ئەمە لەو وڵاتانەی کە کەمینە و زۆرینەیان تێدایە، ئایا ئالیەتی پاراستنی ماف و پێگەی کەمینەکان چییە بۆ ئەوەی لە پێشێلکاری زۆرینە بپارێزرێن؟**

- دەکرێت لەم ڕووەوە چەند ڕێ و شوێنێك بگیرێتەبەر، یەکەمیان دەکرێت لە ڕێی سیستمی هەڵبژاردنەوە کار بۆ پاراستنی مافە کەمینەکان بکرێت، بە تایبەتی ئەگەر سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پیادەکرا، بە چەشنی ئەوەی لە عێراقدا بەدی دەکەین کە ئاشکرایە هیچ پارت و لایەنێك ناتوانێت بە تەنها زۆرینە بەدەست بهێنێت، ئەمەش ناچاریان دەکات حکومەتێکی هاوپەیمانێتی پێکبهێنن کە ئومێدەکە ئەوەیە ئەم حکومەتە کار بۆ پاراستنی مافی گروپە کەمینەکان بکات، لە هەمان کاتدا بوونی سیستمێکی قانوونی بەهێز لە وڵاتەکەدا دەکرێت یارمەتیدەر بێت لە هێنانەدی ئەم ئامانجەدا.

دەکرێت لە ڕێی سیستمی هەڵبژاردنەوە کار بۆ پاراستنی مافە کەمینەکان بکرێت، بە تایبەتی ئەگەر سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پیادەکرا

*** گواستنەوە لە قۆناغی دیکتاتۆری بەرەو قۆناغی دیموکراسی ئاسان نییە، بە تایبەتی لە وڵاتێکدا کە بە دەست خراپترین دیکتاتۆرەوە دەیناڵاند کە بریتی بوو لە سەددام حوسێن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك گەشبینین بەوەی عێراق بە سەرکەوتوویی ئەم قۆناغە ببڕێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پێویستی بە کاتێکی دوورو درێژە، هەروەها پێویستی بە بنیاتنانی متمانە هەیە بە سیستمە سیاسییەکە و بە پرۆسە سیاسییەکە، واتە دروستکردنی ئەو قەناعەتەی کە لە لایەن سیستمە سیاسییەکەوە مامەڵەیەکی ڕاست و ڕەوات لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش کارێکی قورسە بە تایبەتی لە وڵاتێکدا کە بەدەست

دیکتاتۆرێکی دڵڕەقەوە ناڵاندیێتی کە پەنای بۆ دروستکردنی پۆلیسی نهێنی دەبرد و هاوڵاتیانی وڵاتەکەی دەکرد بە سیخوڕ و چاودێر بەسەر یەکەوە.

*** هەموو کەسێك هاوڕایە لەسەر ئەوەی دیموکراسی لە پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردندا کورتنابێتەوە، بەڵام ئایا نهێنی ئەوە چییە کە هەموو لایەك پێداگیری دەکەن لەسەر ئەنجامدان و لەسەر گرنگی هەڵبژاردن لە عێراقدا؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن ڕاستە، لەبەر ئەوەی زۆرجار لە دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکانیشدا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت و ڕێژەی بەشداربوونیش دەگاتە لە سەدا ٩٩، بەڵام ناکرێت بانگەشەی بوونی دیموکراسی بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی هەڵبژاردن و دەنگدان ئەوەیە دەرفەتێك دەخولقێنێت بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی، هەروەها زۆرجار پێوەری دیموکراسی بوونی کۆمەڵگەیەك بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە نێوان دوو پارتدا لێکدەدرێتەوە، کە ئەو ئاڵوگۆڕەش لە ڕێی هەڵبژاردنەوە ڕوودەدات.

*** ئایا مەترسی نزمی ڕێژەی بەشداربوون لە پرۆسەی دەنگداندا چییە؟ ئایا مەترسی قبوڵنەکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن چییە؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەگەر بەڵگەی دەستکاریکردن و ساختەکاری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا لە ئارادابوو ئەواکارێکی ڕەوا و شەرعییە کە پارتە سیاسییەکان نارەزایی دەربڕن، بەڵام ئەگەر هاتوو هەڵبژاردنەکان خاوێن و بێخەوش بوون و پارتێکی سیاسی ئەنجامەکەی ڕەتکردەوە ئەوا ئەمە مەترسی دروست دەکات و دەبێتە هۆی لەناوبردنی متمانە بە سیستەمە سیاسییەکە.

*** دوا وتەت چییە؟**

دیموکراسی پرۆسەیەکی بێ کەموکوڕی نییە و لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوونادات، لەبەر ئەوە دەبێت لەم ڕووەوە پشوو درێژبن و ئومێدی ئەوەتان هەبێت کە دەتوانن بەرەوپێشچوون بەدەست بهێنن.



گرنگی هەڵبژاردن و دەنگدان ئەوەیە دەرفەتێک دەخولقێنێت بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی

دیموکراسی پرۆسەیەکی بێ کەموکوڕی نییە و لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوونادات

## جاكۆب گرۆن شیك بۆ گوڵان:

# لایەنە سیاسییەكانی عێراق بێجگە لە قبوڵكردنی ئاكامەكانی دەنگدان ڕێگەچارەی دیكەیان لەبەردەمدا نییە

**مەرج نییە پارتێكی سیاسی مەترسی بێت بۆ سەر دیموكراسی ئەگەر هاتوو ئەو پارتە لە ڕێی هەڵبژاردنەكانەوە جڵەوی دەسەڵاتی گرتبێتە دەست**

**جاكۆب گرۆن شیك ئوستادی ڕۆژنامەوانی و پەیوەندییەكانە لە زانكۆی لۆا Lowa و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ڕۆڵی میدیا لەسەر دیموكراتی لە جیهاندا**

**بۆ قسەكردن سەبارەت بە بونیادی دیموكراتی لە عێراق و ئاكامەكانی پرۆسەكانی دەنگدان، پرۆفیسۆر گۆرنشیك بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



*** ئایا تا چ ڕادەیەك گەیشتنی هێزە نادیموكراتییەكان بە دەسەڵات لە ڕێی سندوقی دەنگدانەوە مەترسی لەسەر پرۆسە سیاسییەكە و لەسەر دیموكراسی دروست دەكات؟**

- لە ڕاستیدا مەرج نییە پارتێكی سیاسی مەترسی بێت بۆ سەر دیموكراسی ئەگەر هاتوو ئەو پارتە لە ڕێی هەڵبژاردنەكانەوە جڵەوی دەسەڵاتی گرتبێتە دەست، بە پێچەوانەوە ڕەنگە ئاماژەیەكی باش بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرین كە دیموكراسیش بێ كەموكوڕی و كەلێن نییە، تەنانەت ئەمە بۆ وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكاش ڕاست و دروستە، بۆ نموونە لێرە تەنها دوو پارتی سیاسی گەورە باڵادەستن. ئەگەرچی ئەو هەڵبژاردنانەی لە ناو ئەم پارتە سیاسییەدا دەكرێن بۆ دەستنیشانكردنی پاڵێوراوەكانیان كارێكی باشە. من ئومێدم وایە بە دووبارەكردنەوەی هەڵبژاردنەكان، ئەزموونی دیموكراسی بەرەوپێشبچێت و هەنگاو بە هەنگاو كار بۆ چەسپاندن و قوڵكردنەوەی كەلتوری دیموكراسی بكرێت، واتە ئەو كاتە پارتە سیاسییەكانیش بتوانن پابەندبن بە بنەما دیموكراسییەكانەوە. ئەگەر پرسیار لە من دەكەن باشترین ڕێگاچارە و شێواز بۆ بە دیموكراسی كردنی پارتە سیاسییەكان چییە، من دەڵێم ڕەنگە هەنگاوی یەكەم و هەنگاوی ڕاست و دروست لەم ڕووەوە بریتی بێت لە دارشتنی كۆمەڵە و ڕێ و شوێن و ڕێسایەك كە ببنە چوارچێوەیەك بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێكی كراوە و ئازاد.

*** پارتە سیاسییەكانی وڵاتە تازەگەشەكردووەكان هیچ ئاڵوگۆڕێكیان بەسەردا نەهاتووە، واتە ئەگەرچی بەشداری هەڵبژاردنەكانیش دەكەن، بەڵام دیموكراسی لە ژیانی ناوخۆیی خۆیاندا پیادە ناكەن، ئایا ئەم پارتە سیاسیانە چۆن ئەنجامی هەڵبژاردنەكان قبوڵ دەكەن لە كاتێكدا خۆیان دیموكراسی نین؟ واتە كاتێك كۆمەڵگەكە بە قۆناغی ئینتقیالیدا دەڕوات، ئەم پارتە سیاسیانە بەم قۆناغەدا تێپەڕنابن، واتە لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتادا دیموكراسی نین، چۆن ئەنجامەكە قبوڵ دەكەن؟**

- من دەڵێم ئەوان جگە لە قبوڵكردنی ئەنجامەكان ڕێگاچارەیەكی دیكەیان لەبەردەمدا نییە، مەبەستم ئەوەیە كۆمەڵگەیەك لە قۆناغی تاكڕەویی و دیكتاتۆرییەوە بەرەو دیموكراسی هەنگاو هەڵنا گرێت، ئەگەر پارتی حكومڕان هەڵبژاردنێكی شەرعی و ئازاد و نەزیە ئەنجام نەدات، بەڵام ئەگەر هاتوو پارتی دەسەڵاتدار بە پێچەوانەوە ڕەفتاری كرد، ئەوا دەبێت لە ڕێی خۆپێشاندان و یاخیبوونی مەدەنی و شێوازەكانی دیكەی ناڕەزایی دەربڕینەوە بەرهەڵستی بكرێت، كە هەندێ جار هۆكار و گەمەكارە نێودەوڵەتییەكانیش فشار دەخەنە سەر ئەو دەسەڵاتدارانە بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی دیموكراسی ڕەفتار بكەن، بەڵام من پێم وایە ئەگەر بزوتنەوەی فشار هەڵقوڵاوی ناوخۆ بێت كاریگەری باشتر و ڕەنگدانەوەی باشتری دەبێت لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری پارتی دەسەڵاتدار. لەگەڵ ئەوەشدا ئومێدەكە ئەوەیە هەندێ جار كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە نێویاندا نەتەوە یەككگرتووەكان، ناتۆ و وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا كار بۆ ئەوەی بكەن هەڵبژاردنێكی سەركەوتوو، ئازاد و بنیاتنەرانە لەم وڵاتانەدا بەڕێوەبچێت. ئەگەر پرسیارەكە ئەوەبێت بە چ شێوەیەك بتوانین ئەم پرۆسەیە بەرەوپێش ببەین، ئەوا من دەڵێم باشترین ڕێگاچارە ئەوەیە پارتی حكومڕان دان بە شكست و دۆڕانی خۆیدا بنێت، ئەگەر هاتوو لە هەڵبژاردنەكاندا سەركەوتوو نەبوو، بە پێچەوانەوە خەڵكی پەنا بۆ ڕێگا و شێوازەكانی دیكەی ناڕەزایی دەربڕین و بەرهەڵستی كردن دەبەن. بۆیە گرنگە پارتە سیاسییەكان ئەو دەرئەنجامانە قبوڵ بكەن كە لە لایەن خەڵكەوە پشتگیرییان لێدەكرێت، تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردنەكانیش لە بەرژەوەندیی ئەواندا نەبوو، ئەمە سروشت و ئەمە بەردی بناغەی دیموكراسییە. لەبەر ئەوە دەبێت پارتە سیاسییە شكستخواردووەكان بە گیانێكی وەرزشییەوە شكست و دۆڕانەكە قبوڵ بكەن و پارتە براوە و سەركەوتووەكانیش بە یەكسانی و بە دیبلۆماسیەتەوە مامەڵە بكەن كاتێك جڵەوی دەسەڵات دەگرنەدەست.

*** لەو وڵاتانەی كە لە ڕووی ئیتنی و ئایینییەوە فرەییان تێدایە، دەبینین زۆرجار سندوقەكانی دەنگدان دۆخێكی مەترسیدار بۆ سەر كەمینەی وڵاتەكە دروست دەكەن، واتە ئەمە لەو وڵاتانەی كە كەمینە و زۆرینەیان تێدایە، ئایا ئالییەتی پاراستنی ماف و پێگەی كەمینەكان چییە بۆ ئەوەی لە پێشێلكاری زۆرینە بپارێزرێن؟**

- لە ڕاستیدا زۆرجار پێوەری دیموكراسی بوونی كۆمەڵگەیەك ئاست و ڕادەی پاراستنی

**گرنگە پارتە سیاسییەكان ئەو دەرئەنجامانە قبوڵ بكەن كە لە لایەن خەڵكەوە پشتگیرییان لێدەكرێت، تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردنەكانیش لە بەرژەوەندیی ئەواندا نەبوو**

**ناكرێت بانگەشەی بوونی دیموكراسی بكرێت لە كۆمەڵگەیەدا كە تەنها گروپێكی ئیتنی یاخود ئایینی دیاری كراو باڵادەست بێت بەسەریدا**

ماف و پێگەی کەمینەیە لەو کۆمەڵگەیەدا، کە ڕەنگە تەرخانکردنی چەند کورسییەکی دیاریکراو بۆ کەمینەکان کارێکی گونجاو بێت، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی سیستمە سیاسییەکە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەکە بێت، واتە ئەو کاتە کەمینەکان نوێنەرایەتییەکی گونجاویان دەبێت لە کۆمەڵگەکەدا. ڕەنگە باشترین و گونجاوترین شێواز بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بریتی بێت لە گرتنەبەری کۆمەڵە ڕێ و شوێنێکی دامەزراوەیی، مەبەستم لەبەردامەزراوییکردنی ئەم مافە و پێگەیە کە بۆ کەمینەکان تەرخان دەکرێت. بە دەربڕینێکی دیکە دروستکردنی هاوسەنگییەک لە نێوان حکومڕانێتی زۆرینە و پاراستنی مافی کەمینە، چونکە ناکرێت بانگەشەی بوونی دیموکراسی بکرێت لە کۆمەڵگەیەدا کە تەنها گروپێکی ئیتنی یاخود ئاینی دیاری کراو باڵادەست بێت بەسەریدا. هەروەها لە حاڵەتی باڵادەستبوونی گروپی زۆرینەدا گروپە کەمینەکان ناتوانن وەک پێویست ڕۆڵ ببینن لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە کاریگەری دەبێت لەسەر ژیان و چارەنوسیان. ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراقەوە ئەوا ڕەنگە باشتربێت ئەولەوییەت بدرێت بە بەرەوپێشبردنی بارودۆخە ئەمنییەکە و بە زیاتر چەسپاندنی سەقامگیری، چونکە باشترکردنی دۆخی ئەمنی و هێنانەدی سەقامگیری لە وڵاتەکەدا کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە.

*** گواستنەوە لە قۆناغی دیکتاتۆری بەرەو قۆناغی دیموکراسی ئاسان نییە، بە تایبەتی لە وڵاتێکدا کە بە دەست خراپترین دیکتاتۆرەوە دەیناڵاند کە بریتی بوو لە سەددام حوسێن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەک گەشبینین بەوەی عێراق بە سەرکەوتوویی ئەم قۆناغە ببڕێت؟**

- من بەرەوپێشچوون لە عێراقدا بەدی دەکەم، بەڵام پێدەچێت گەورەترین کێشە یاخود گەورەترین دژواری لە عێراق بریتی بێت لەو دابەشبوون و کەرتبوونەی لە نێوان گروپ و پێکهاتە ئیتنییەکانی وڵاتەکەدا دروست بووە، کە ڕێگرە یاخود توانای عێراق سنورداردەکات لەوەی بتوانێت پرۆسە سیاسییەکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و بە شێوەیەکی دیموکراسییانە بەرەوپێشببات. ئێمە دەزانین وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چەند وڵاتێکی دیکە کە ئارەزوومەندانە بەشدارییان کرد لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەک ڕژێمی سەددام حوسێنیان ڕووخاند. ئەمە ڕوویدا و ئێستا ئێمە ناتوانین مێژوو پێچەوانە بکەینەوە، تیروانینی من ئەوەیە کارێکی باشتر دەبوو ئەگەر گۆڕینی ڕژێمەکە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەکە خۆی ببوایە، واتە هێزێکی دەرەکی نەهاتایە ئەم گۆڕانکارییە بسەپێنێت، چونکە ئەگەر هێزە ناوخۆییەکان هەڵبستن بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری ئەو کاتە باشتر پابەند دەبن بەو بەها و بنەما دیموکراسییەکانەوە. نەک هێزێکی دەرەکی بێت و ئەم دۆخە بسەپێنێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە عێراقدا، من باوەڕم وایە کشانەوەی کتوپڕی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا ڕەنگە بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی و پشێوی ببات، لە هەمان کاتدا عێراقییەکان ناتوانن بۆ هەتا هەتایە پشت بە هاوکاری و یارمەتی ئەمەریکییەکان ببەستن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە و بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لە وڵاتەکەیاندا. هیوای من ئەوەیە عێراقییەکان پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی زیاتر کۆنترۆڵی دۆخە ئەمنییەکە بکەن و بتوانن هەنگاوی ڕاست و دروست بنێن بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن لە پەرەپێدانی پرۆسە سیاسییەکەدا و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش لە بەرژەوەندی خەڵکی وڵاتەکەدا بێت.

*** هەموو کەسێک هاوڕایە لەسەر ئەوەی دیموکراسی لە پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردندا کورتنابێتەوە، بەڵام ئایا نهێنی ئەوەچییە کە هەموو لایەک پێداگیری دەکەن لەسەر ئەنجامدان و لەسەر گرنگی هەڵبژاردن لە عێراقدا؟**

- من پێم وایە هۆکاری پێداگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە عێراقدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم هەڵبژاردنانە ئاماژەیەکی باشن بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسە سیاسییەکە، لەبەر ئەوەی ئومێدی ئەوە دەکرێت ئەم هەڵبژاردنانە ببنەهۆی فراوانکردن و چەسپاندنی ئازادی ئاینی و ئازادی ڕادەربڕین، واتە خەڵکی عێراق بەو گیان و بەو تیڕوانینەوە بەشداری لەم هەڵبژاردنانەدا بکەن کە ئەم هەڵبژاردنانە کاریگەری ئیجابیان دەبێت لەسەر ئازادییەکان و لەڕاستیدا لەسەر گوڕوتین بەخشینەوە بە چالاکییە ئابوورییەکانی وڵاتەکە و زیاترکردنی جموجوڵە بازرگانییەکان. هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد دیموکراسی لە هیچ وڵاتێکدا بێ کەموکوڕی نییە، تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانیشدا، بەڵام من هیوادارم بە چەشنی وڵاتانی ئەوروپا عێراقیش ڕێگەی بەرەوپێشبردن و چەسپاندنی ئەزموونی دیموکراسی بگرێتەبەر، کە ئێمە دەزانین وڵاتانی ئەوروپاش لە سەرەتادا دووچاری دژواری بوونەوە، بەڵام دواتر وردە وردە توانیان پەرە بە ئەزموونەکە بدەن و چیتر هەڵبژاردنێکی ڕوکەش و ڕواڵەتی ئەنجام نەدەن، بەڵکو هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینە بەڕێوەببەن کە ئەنجامەکەی ببێتەهۆی خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی وڵاتەکە.

*** ئایا مەترسی نزمی ڕێژەی بەشداربوون لە پرۆسەی دەنگداندا چییە؟**

- ئەمە یەکێکە لە کۆسپەکان، کە من پێم وایە دەبێت کەسانێکی وەک ئێوە هەڵبستن بە ڕوونکردنەوەی گرنگی بەشداری کردن، بە تایبەتی ڕووبکەنە ئەندامانی ئەو گروپە کەمینانەی کە پێیان وایە دەنگەکانی ئەوان و بەشداری کردنی ئەوان هیچ جیاوازی و گۆڕانکارییەک دروست ناکات. ئێمە دەزانین ئەم کێشەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا هەیە، کە دەنگدان لەم وڵاتەدا ئیجباری نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، من دڵنیم گرنگ ئەوەیە ئەو کەسانەی بەشداریان نەکردووە و ئەنجامەکە لە بەرژەوەندی ئەوان نییە، بیر لە پەنابردنەبەر بەکارهێنانی توندوتیژی نەکەنەوە. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد گرنگە ئێمە بتوانین کار بکەین بۆ قەناعەتپێهێنانی ئەو کەسانەی باوەڕیان وایە دەنگدانی ئەوان و بەشداری کردنی ئەوان کاریگەری نییە لەسەر ئەو بڕیار و یاسایانەی کە دواتر دادەڕێژرێن و کارگەرییان دەبێت لەسەر ژیان و ئایندەی ئەوان. من لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە کە باشترە عێراقییەکان خۆیان دەستپێشخەری بکەن و هەڵبستن بە هاندان و قەناعەتپێهێنانی خەڵک بۆ ئەوەی بەشدارییەکی گەورە و فراوان بکەن، نەک چاوەڕوانی دەستی هێزێکی دەرەکی بن بۆ ئەوەی لە بری ئەوان بەم کاری هەڵبستێت، چونکە ئەگەر دەستپێشخەرییە لە ناوخۆوە سەرچاوەی گرت زیاتر ئەگەری سەرکەوتنی لێدەکرێت و زیاتر ئەگەری گەشەکردنی دیموکراسی لە ئارادا دەبێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من شەرەفمەندم کە پەیوەندیتان پێوەکردم، من ئومێدی هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووتان بۆ دەخوازم کە ببێتە مایەی خێر نەک هەر تەنها بۆ عێراق، بەڵکو بۆ تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و من هانی خەڵکی عێراق دەدەم کە بە ئومێد و گەشبینەوە بڕوانن بۆ ئایندە و پێیان دڵێم کە خەمساردی و بەشداری نەکردن یەکێک نییە لە ڕێگاچارەکانی بەردەمتان.

**گەورەترین کێشە یاخود گەورەترین دژواری لە عێراقدا بریتی بێت لەو دابەشبوون و کەرتبوونەی لە نێوان گروپ و پێکهاتە ئیتنییەکانی وڵاتەکەدا دروست بووە**

**عێراقییەکان ناتوانن بۆ هەتا هەتایە پشت بە هاوکاری و یارمەتی ئەمەریکییەکان ببەستن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە و بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لە وڵاتەکەیاندا**

**باشترە عێراقییەکان خۆیان دەستپێشخەری بکەن و هەڵبستن بە هاندان و قەناعەتپێهێنانی خەڵک بۆ ئەوەی بەشدارییەکی گەورە و فراوان بکەن**

## جامیس ماککان بۆ گوڵان:

# بەتەنها هەڵبژاردن بۆ دیموکراسی بەس نییە بەڵام هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد هۆکارێکە بۆ بونیادنانی دیموکراتی

**پرۆفیسۆر جامیس ماککان ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی پۆردو پسپۆرو تایبەتمەندە لە سیاسەتی بەراوردکاری و سیاسەتی ئەمریکا،هەروەها پسپۆرە لەسەر دیموکراتییەتی ئەمریکای لاتین و رای گشتی و هەڵبژاردنی**

**نوێنەران لەلایەن دەنگدەرەوە بۆ قسەکردن لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردنی حزب و قەوارە سیاسییەکان لەگەڵ ئاکامی سندوقی دەنگدان و هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیموکراتی پرۆفیسۆر ماککان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



لە قۆناخی بونیادی دیموکراتیدا پارت و قەوارە سیاسییەکان پێشوازی لە ئاکامەکانی سندوقی دەنگدان بگرن و قبوڵی بکەن

*** لە هەموو هەڵبژاردنێکدا کاردانەوەی حزبە سیاسییەکان لەسەر ئاکامەکانی هەڵبژاردن ئاراستەی قبوڵکردن یان رەتکردنەوەی ئاکامەکانی دەنگدان دیاری دەکات،بۆیە پرسیاری من وەك سەرەتا بۆ ئەم پرسە بەوە دەست پێدەکەم ئایا دوای راگەیاندنی ئاکامەکانی دەنگدان پێویستە لایەنە سیاسەییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکەن؟**

- گومانی تێدانییە و ئەمە راستییەکی رەهایە کە لە قۆناخی بونیادی دیموکراتیدا پارت و قەوارە سیاسییەکان پێشوازی لە ئاکامەکانی سندوقی دەنگدان بگرن و قبوڵی بکەن،بەڵام ئەگەر قبوڵیان نەکرد و ئاکامەکەیان رەتکردەوە ئەوا بارودۆخە دەشێوێت،ئەمە هەمیشە بۆ بارودۆخێکی وەك ئێستای عێراقیش هەر بەوجۆرەیە، بۆیە لەمبارودۆخەدا پێویستە حزبە سیاسییەکان بە ئەقڵێکی کراوە سەیری ئەم پرسە بکەن،دەبێت هەوڵەکانیان یەکبخەن بۆ ئەوەی بارودۆخەکە نەشێوێت،خۆ ئەگەر بەشێوەیەکی بەرفراوان تەزویر کرابوو، ئەوا دەبێت دووبارە پەنا بۆ ژماردنەوەی دەنگەکان ببرێتەوە، لەم حاڵەتەدا حزبە سیاسییەکان رێگە چارەی دیکەیان لەبەردەمدا نییە، دەبێت ئاکامی هەڵبژاردنەکان پەسەند بکەن. لەلایەکی دیکە ئەگەر پارتە سیاسییەکانی عێراق لە روانگەی گەندەڵییەوە سەیری هەڵبژاردن دەکەن و ئەوا دەبێت لەسەر ئاشکراکردنی گەندەڵییەکان بەردەوام بن و بەڵگەی پێویست بۆ سەلماندی هەوڵەکانیان کۆبکەنەوە بیخەنە بەردەمی دادگا،هەروەها پارتە سیاسییەکان دەتوانن لەسەر ئاستی رای گشتی کار بکەن و هەوڵبدەن رای گشتی بۆ لای خۆیان رابکێشن،ئەمەش بەڕێگای گرێدانی کۆنگرەی رۆژنامەوانی، نووسینی وتار، دیمانەی رۆژنامەوانی.

*** لێرەدا دەخوازین وتووێژەکەمان بە تایبەتی لەسەر وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بێت، بۆیە ئەگەر سەیری پارتەسیاسییەکان بکەین لە کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکاندا یان ئەو کۆمەڵگایەنەی لەدەسپێکی دیموکراتی و قۆناخی ئینتیقالیدان دەبینین کۆمەڵگە خۆی بە قۆناخێکی راگوزەردا تێدەپەرێت و حزبە سیاسییەکانیش بەهەمان شێوە، ئەمەش واتە حزبە سیاسییەکان راستە بەشداری هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموکراتی دەکەن، بەڵام لە ناوخۆی ئەو حزبانەدا دیموکراتی بوونی نییە،بۆیە پرسیاری من ئەوەیە چۆن ئەو پارتانە ئاکامی هەڵبژاردن قبوڵ دەکەن؟**

- ئەمە راستە، ئەگەر حزبە سیاسییەکان لە ناخۆی خۆیاندا دیموکراتی نەبن ئاستەنگێکی گەورە دروست دەکات و دەبێت چاوەڕێی کاردانەوەی ناخۆش بکەین،گرنگە ئەوە بزانین کە حزبە سیاسییەکان تەنها لەو کاتانە دەتوانن دیموکراتی بونیاد بنین کە خۆیان دیموکراتی بن،ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەرنامەی حزبە سیاسییەکان و بوونی شەفافییەت لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا سەرچاوەی بریار دروستکردنە،بۆیە کە ئەمە نەبوو پرسیار ئەوەیە چۆن دیموکراتی بونیاد دەنرێت؟

حزبە سیاسییەکان تەنها لەو کاتانە دەتوانن دیموکراتی بونیاد بنین کە خۆیان دیموکراتی بن

*** کێشەیەکی دیکەی دیموکراتییە تازەکان ئەوەیە هەندێك جار سندوقی دەنگدان ئەو لایەنانە دەباتە دەسەڵات کە خۆیان بڕوایەکی کەمیان بەدیموکراسی هەیە،ئایا بەڕای تۆ ئەمە نابێتە هەڕەشە بۆسەر پرۆسە دیموکراتییەکە؟**

- من پێموایە هەموو ئەو پارتە سیاسیانەی بەڕێگەی سندوقی دەنگدان دەسەڵات وەردەگرن،ئەوە راستییەکی گرنگە کە ئەو حزبانە دەبێت لە ئاستی ئەوەدا بن رووبەرووی تەحدییەکانی ئۆپۆزسیۆن ببنەوە لەو کاتەی حکومڕانی دەکات،بەڵام ئەگەر پارتێکی تۆتالیتاری بەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان بگاتە دەسەڵات ئەوە تەحەمولی ئۆپۆزسیۆن ناکات و ناشتوانێت هیچ گۆرانکارییەك ئەنجامبدات.

*** لایەنێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێبکەین سروشتی ئەو دەوڵەتانەیە کە هەم لە قۆناخی ئینتیقالین هەمیش پێکهاتەیەکی فرەیی نەتەوەیی و ئاینیشیان هەیە، لەم جۆرە دەوڵەتانە هەست دەکەین، کە هەموو کات ئاکامەکانی سندوقی دەنگدان جۆرە هەڕەشەیەك لەسەر کەمینە دروست دەکات و بەردەوام کەمینە دەبێتە قوربانی زۆرینە،ئایا بەرای تۆ چ میکانیزمێك لەم جۆرە کۆمەڵگایانە پیادە بکرێت باشە بۆ ئەوە کەمینە لە هەڕەشەی زۆرینە بپارێزرێت؟**

_ ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە و لەو راستەوە سەرچاوە دەگرێت دەستوری وڵات چ میکانزمێکی دیاریکردووە بۆ ئەوەی ڕێز

لەمافی کەمینە بگیرێت،هەروەها چۆن ئەو مافانەی لە دەستووردا بۆ پاراستنی مافی کەمینەی ئێتنی و ئایینی هاتووە لەلایەن ئەو گروپانەی زۆرینەن ڕێزی لێدەگیرێت،بۆیە زۆر گرنگە زۆرینە ئەوە بزانێت کەچەند مافێکی بنچینەی هەیە دەبێت ڕێزیان لێبگیرێت، وەك مافی ئازادی رادەربرین، مافی بەشداریکردن لەحکومەت،مافی خۆرێکخستیان لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسیدا و ئەمانە و چەندین مافی دیکە کە جیهانین و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دانی پێدانراوە.

*** بۆ باری ئێستای عێراق بەڕێزت ئاماژەت بە خاڵێکی نایاب کرد، ئێستا ئێمە لە عێراق دەستوورێکی باشمان هەیە و هەموو مافەکانیشی پاراستووە،بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەیە حکومەتی بەغدا دەستورەکە جێبەجێ ناکات،لەحاڵەتی لەمجۆرە ڕێگەچارە چییە؟**

- ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە کە ئێوە وروژانتان، پێموایە لە حاڵەتی لەمجۆرەدا بێگومان گروپی هەمەجۆر و فرەنەتەوە هەن، بۆیە دەبێت ئەم گروپە جیاوازانە بەشێوەیەکی شەفافانە هەوڵبدەن بەرێگەی لایەنی سێیەم بەتایبەتی میدیا کە گوشار بخەنە سەر حکومەت بۆ ئەوەی ناچار بێت دەستورەکە جێبەجێ بکات،لە حاڵەتی وەك عێراقدا کۆمەڵێك توخم هەن پێویستە پێکەوە کارلێك بکەن بۆ ئەوەی رەوشە بەرەو ئاراستەیەکی دیکە بەرن، لەوانە بەشداریکردن لە حکومەتدا یان بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسییەکەدا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئەو لایەنانە بتوانن مافە دەستوورییەکانی خۆیان پیادەبکەن،هەروەها گرنگە پەنا بۆ میدیای ئازاد و کاراکتەرە نێو دەوڵەتییەکان وەك چاودێرانی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی چاودێری تێپەڕاندنی قۆناخی ئینتیقالی پرۆسە دیموکراتییەکە بکەن.

*** ئەوەی بەڕێزت ئاماژەت پێکرد هەموویان راستن، ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری تێپەڕاندنی قۆناخی ئینتیقالی بکەین، دەبینن ئەم قۆناخە بۆ هیچ وڵاتێك ئاسایی نەبووە و لەشەوو رۆژێکدا ئەو وەرچەرخانە روویننەداوە، بەڵام دیسان عێراق لەم حاڵەتەدا بارێکی تایبەتی تری هەیە لەبەر ئەوەی جیا لەوەی مێژووی رژێمە دیکتاتۆرەکان مێژوویەکی درێژ بووە، لەهەمانکاتدا دیکتاتۆریەتییەکەی عێراق یەکێك بووە لە دڕندەترین دیکتاتۆرییەتەکانی جیهان کە ئەویش سەدام حوسێن بووە، ئایا بەڕای تۆ عێراقییەکان توانایان هەیە ئەو قۆناخە تێپەڕێنن و ئاسەوارەکانی بسڕنەوە؟**

- زۆرباشە، ڕێگەم بدە بەشداربم لەم خۆزگەیەی ئێوەدا، واتە خۆزگەی تێپەڕاندنی ئەم قۆناخە و سڕینەوەی ئاسەواری دیکتاتۆری،وەك هەر چۆن هەموو عێراقییەك ئومێدی بۆ دەخوازێت لە دیکتاتۆرییەوە بچێت بۆ دیموکراتی،بۆیە بۆچوونی من ئەوەیە کە هەموو لایەك بە شێوەیەکی زۆر گرنگ مامەڵە لەگەڵ پۆلیرازەیشنی وڵات بکەن، ئەمەش واتە پێویستە بەجۆرێك سیاسەت بکرێت کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەشداربن بەجیاوازی ئێتنی و ئایینی و نەتەوەیەوە،هەروەها لەسەر ئاستی جوگرافیش بۆ ئەوەی رووبەرووی تەحەدییە گەورەکان ببنەوە،لەو کاتانەشی کە هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت ئەگەر هەڵبژاردنە پاك و بێگەر بوو ئەوا باشتر دەتوانرێت وتووێژ لەسەر ئایندەی وڵاتەکە بکرێت،بۆ ئەوەی ئەو بەشدارییە فراوانە لە نێوان پێکهاتەکاندا دروست ببێت، زۆر هۆکار هەن، بەڵام هەڵبژاردنی پاك و بێگەردیش یەکێکیانە، کە هەموو بوار بۆ ئەوە دەکاتەوە هەموو پێکهاتەکان بەشدار بن، هەمیش گرنگە بۆ دیموکراتیزەکردنی وڵات.

*** لای ئێوەش ئاشکرایە کە زۆرێك لە چاودێران و پسپۆرانی بواری سیاسەت جەختێکی زۆر لەسەر ئەوە دەکەنەوە، بۆ بونیادی دیموکراتی بەتەنها هەڵبژاردن بەس نییە،پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆچی هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بونیادی دیموکراتی لە عێراقدا تەنها جەخت لەسەر هەڵبژاردن دەکەنەوە؟**

- بێگومان ئەمە راستییەکی رەهایە و منیش پێموایە کە هەڵبژاردن یەکسان نییە بە دیموکراتی،بەڵام من بەوجۆرە سەیری دەکەم کە پیادەکردنی پرۆسەیەکی باشی هەڵبژاردن هەنگاوێکە بۆ بونیادی دیموکراتی،لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی گروپە جیاوازەکان و هاوڵاتیانیش بێنە ناو پرۆسە سیاسییەکە و بەشداری بکەن،ئێمە دەتوانین لەسەر ئاستی جیهان ئاماژە بەچەندین دەوڵەت بکەین کە هەڵبژاردن هێمایەك بووە بۆ بونیادی دیموکراتی،ئەمەش گرنگە، بۆیە من ئومێد دەخوازم کاتێك هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت ئەو هەڵبژاردن ببێتە هاوبەشێك بۆ بونیادی دیموکراسی.

*** دیسان دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی بارودۆخی عێراق لەو وڵاتانە جیاوازە کە هەڵبژاردن هێمایەك بووە بۆ دیموکراتی، لەبەر ئەوەی ئێستا پرۆسەی هەڵبژاردن هێندەی ئەمەریکا بە گرنگی دەزانێت و جەختی لەسەر دەکاتەوە عێراقییەکان بەو ئاستە بەگرنگی نازانن،هەروەها ئێوەش دەزانن ئێستا هێندەی بایەخ بە ئەفغانستان دەدات هێندە بایەخ بە عێراق نادات، بۆیە هەڵبژاردنەکانی عێراق لە پێناوی ئامانجێکی ئەمەریکادایە کە ئەویش کشانەوەی هێزەکانیەتی لەعێراق، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەگەر هەڵبژاردنەکانی عێراق نەبوونە هۆکارێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، ئایا بەڕای تۆ لەم بارودۆخەشدا ئەمەریکا هێزەکانی لەعێراق پاشەکشە پێدەکات؟**

- لەو روانگەیەوە کە سیاسەتی واشنتۆن دی سی بەرامبەر بەعێراق کشانەوەی هێزەکانیەتی لەو وڵاتە، ئەمە تا ئەوپەری راستە،بەڵام بەرای من هەتا ئەگەر ئەمەریکا هێزەکانیشی لەعێراق بکشێنێتەوە، بەڵام دەستی هاریکاری لە عێراق دوورناخاتەوە و ژمارەیەك لە ئەمەریکییەکان وەك راوێژکار بۆ حکومڕانی و بونیادی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەهێزکردنی پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا دەمێننەوە،بۆیە لەم کاتەدا پێویست بە هێزی سەربازی نامێنێت، هەتا ئەگەر پێویست بە بوونی هێزیش بکات دەتوانرێت پەنا بۆ هێزی فرە رەگەز یان فرە نەتەوە ببرێت،بەڵام دیسان ئەم هێزەش نەك بۆ ئامانجی سەربازی بەکاربهێنرێت بەڵکو هاریکاری لەگەڵ پرسەکانی پەرەپێدان و سیاسی و بونیادنانەوە دەکەن.

*** من دەزانم کاتێکی زۆرم لە تۆ گرت، بەڵام دوایین پرسیاری خۆم لەو بارە دەکەم،ئەویش بە شێوەیەکی گشتی ئەوەیە ئایا ئەگەر رێژەیەکی باش لە هاوڵاتیان بەشداریان نەکرد و دواتر ئاکامی هەڵبژاردن قبوڵ نەکرا مەترسیەکان چی دەبن؟**

- ئاستی نزمەی بەشداری هاوڵاتیان جێگەی نیگەرانیەکی راستەقینەیە، لەبەر ئەوەی ئەو نوێنەرانەی هەڵدەبژێرین،لەبەر ئەوەی بەشداریکردن لە پرۆسەسیاسیدا کۆمەڵێك سوودی هەیە تاك لەپرۆسەکەدا هەست بە بوونی خۆی دەکات، بۆیە نزمی ئاستی بەشداریکردن ئاماژەیە بۆ نزمی شەرعیەتی سیستەمە سیاسیەکە.ئەوجا لێرەوە ئەگەر بێنە سەر پەسەندنەکردنی ئاکامەکانی دەنگدان ئەوا من پێموایە تارادەیەکی زۆر پەیوەندی بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە هەیە و لەپرۆسەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ئەو پرۆسەیە دروست نەبووە کە هەموو لایەنەکان بەشداری بکەن،بۆیە ئاکامەکەشی رەتدەکاتەوە، لەبەر ئەوەی هاوڵاتیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا پێگەیەکی زۆر گرنگیان هەیە.بۆیە کە لەهەڵبژاردنەکاندا ئەم پێگەیەی لێسەنرایەوە ئەوا رووبەرووی مەترسیەکی گەورە دەبینەوە.

پێویستە بەجۆرێک سیاسەت بکرێت کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەشداربن بەجیاوازی ئێتنی و ئایینی و نەتەوەیەوە

هەڵبژاردن یەکسان نییە بە دیموکراتی، بەڵام من بەوجۆرە سەیری دەکەم کە پیادەکردنی پرۆسەیەکی باشی هەڵبژاردن هەنگاوێکە بۆ بونیادی دیموکراتی

## کیس کارین بۆ گوڵان:

# لە هەرێمی کوردستان ئەگەر ناڕازیبوونیش لەسەر ئاکامی دەنگدان هەبێت بەڵام قەوارە سیاسییەکان قبوڵ دەکەن

**پرۆفیسۆر کیس کارین یەکێکە لە گەورە تۆژەرانی ئامۆژگای بەناوبانگی رەندو لەساڵی ٢٠٠٣ شرۆڤەکاری ئابووری سیاسیی بووە لەگەڵ دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان CPA لە عێراق و تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی پێشکەوتنی پرسەکانی بونیادنانەوەی وڵات لە وڵاتانی دوای شەڕ و تەنگژە،هاریکاری پرۆگرامی بونیادنانەوەی عێراقیش بووە پرۆفیسۆر کارین لە دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراقەوە لەماوەی ٧ ساڵی رابردوو یەکێکە لەو ئەمەریکییانەی کە لەنزیکەوە ئاگاداری رەوشی سیاسیی و ئابووری عێراق بووە، بۆیە سەبارەت بە عێراق دوای هەڵبژاردنەکان پرۆفیسۆر کارین بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



**• ئەوەی لەهەندێ هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو هەستی پێدەکرێت ئەوەیە هەندێ جار پارتە سیاسییەکان ئەو دەرئەنجامانە ڕەتدەکەنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە دەبێت پارتە سیاسییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا بکەن؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە تا ڕاددەیەك هاوڕانەبم لەگەڵتاندا، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە بڕوانین ئەوا ئەو لایەنانەی کە خۆشحاڵیش نەبوون ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان قبوڵکرد و ئێمە هیچ پشێوی وئاڵۆزییەکمان نەبینی کە بەهۆی ڕەتکردنەوەی ئەنجامەکانەوە ڕوو‌بدات. ئێمە دەزانین لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥دا سوننەکان موقاتەعەی هەڵبژاردنەکانیان کرد و بەشدارییان نەکرد، من هیوادارم ئەمە دووبارە نەبێتەوە و تا ئێستاش من ئاگادارنیم کە سوننەکان بڕیاری بەشداری نەکردنیان دابێت. واتە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی پارتە سیاسییەکان لە عێراقدا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان قبوڵکرد.

**• پارتە سیاسییەکانی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان هیچ ئاڵوگۆڕێکیان بەسەردا نەهاتووە، واتە ئەگەرچی بەشداری هەڵبژاردنەکانیش دەکەن، بەڵام دیموکراسی لە ژیانی ناوخۆیی خۆیاندا پیادە ناکەن، ئایا ئەم پارتە سیاسییانە چۆن ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ دەکەن لە کاتێکدا خۆیان دیموکراسی نین؟ واتە کاتێك کۆمەڵگەکە بە قۆناغی ئینتقیالیدا دەڕوات، ئەم پارتە سیاسیانە بەم قۆناغەدا تێپەڕنابن، واتە لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتادا دیموکراسی نین، چۆن ئەنجامەکە قبوڵ دەکەن؟**

- پێم وایە زۆرێك لە پارتە سیاسییەکانی ئەوروپا و تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش تەواو دیموکراسی نین، ڕەنگە ئێوە تیرڕوانینێکی دیکەتان هەبێت بۆ ئەم پارتانە، بەڵام ئەوەندەی من ئاگاداربم ئەم پارتانە بە نەرمی مامەڵە لەگەڵ یەکدا ناکەن. دواتر من باوەڕم وایە دووبارەکردنی پرۆسەی دەنگدان کاریگەری دەبێت لەسەر قوڵکردنەوەی دیموکراسی لە ناو پارتە سیاسییەکاندا، بۆ نموونە لە سەرەتادا پارتە سیاسییەکانی ئەوروپا دیموکراسی نەبوون، بەڵام پرۆسەی دەنگدان ناچاری کردن دیموکراتیانە ڕەفتار بکەن.

**• ئایا ئالیەتی پاراستنی ماف و پێگەی کەمینەکان بۆ ئەوەی لە پێشێلکاری زۆرینە بپارێزرێن چییە؟**

- بەتێڕوانینی من باشتروایە زیاتر تەرکیز لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و جێگیرکردنی سیستمێکی قەزائی بەهێز و داڕشتنی دەستورێکی دیموکراسی بکرێت، بەمەرجێك جێبەجێ بکرێت. هەروەها ئەوەی پەیوەست بێت بە بارودۆخی عێراقەوە ئەوا لەبەر ئەوەی هیچ یەکێك لە پارتە کوردییەکان، یاخود پارتە شیعە و سوننەکان ناتوانن زۆرینە مسۆگەر بکەن و بە تەنها حکومڕانی وڵاتەکە بکەن ئەوا ناچارن هاوپەیمانی لەگەڵ یەکدا بکەن.

**• گواستنەوە لە قۆناغی دیکتاتۆری بەرەو قۆناغی دیموکراسی ئاسان نییە، بە تایبەتی لە وڵاتێکدا کە بە دەست خراپترین دیکتاتۆرەوە دەیناڵاند، کە بریتی بوو لە سەددام حوسێن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك گەشبینین بەوەی عێراق بە سەرکەوتوویی ئەم قۆناغە ببڕێت؟**

- ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا هەنگاوێکی گرنگە، هەروەها عێراق ڕێگایەکی دوورودرێژی لە پێشە و من باوەڕم وایە ئەگەر بۆ کۆنتڕۆڵکردن و نەهێشتنی میلیشیاکان و کەمکردنەوە و کۆتایی هێنان بە توندوتیژی کاربکرێت، ئەوا بارودۆخی عێراق بەرەو باشتر هەنگاو دەنێت.

**• ئایا ئەمەریکا پێداچونەوە بە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی دەکات، ئەگەر هاتوو هەڵبژاردنەکان سەرکەوتو نەبوون و دۆخەکە**

> زۆرێک لە پارتە سیاسییەکانی ئەوروپا و تەنانەت ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش تەواو دیموکراسی نین

**بەرەو ئاڵۆز بوون چوو؟ چونکە ئێمە دەزانین حاڵی حازر ئەمەریکا پتر تەرکیز لەسەر ئەفغانستان دەکاتەوە؟**

- تێگەیشتنی من ئەوەیە لە کاتی گفتوگۆکانی پەیوەست بە ڕێککەوتنامە ئەمنیەکەی نێوان عێراق و ئەمەریکا، ئەوە ئاشکرابوو کە حکومەتی عێراق خوازیاری مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا نەبوو، هەروەها حاڵی حازر ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ عێراقدا هەبێت و پشتیوانی عێراق بکات و ئەوەش ڕوونە کە عێراقییەکانیش دەیانەوێت خۆیان حکومڕانی خۆیان بکەن. ئەوەی ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع بەدی دەکەین ئەوەیە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا ڕۆڵێکی کەم و سنوردار دەبینن.

**• هەموو کەسێك هاوڕایە لەسەر ئەوەی دیموکراسی لە پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردندا کورت نابێتەوە، بەڵام ئایا نهێنی ئەوە چییە کە هەموو لایەك پێداگیری لەسەر ئەنجامدان و لەسەر گرنگی هەڵبژاردن لە عێراقدا دەکەن ؟**

- من هاوڕانیم لەگەڵتاندا، لەبەر ئەوەی تاکە ڕێگا بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی و بۆ هەڵبژاردنی بەرپرس و کاربەدەستەکانتان بریتییە لە هەڵبژاردن و لە ڕاستیدا من جگە لە هەڵبژاردن چارەسەرێکی سیحری بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی شکنابەم.

**• ئایا مەترسی نزمی ڕێژەی بەشداربوون لە پرۆسەی دەنگداندا چییە؟**

- من هیوادارم تێکرای پارتە سیاسییەکانی عێراق ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوبێت کە بەدیلی قبوڵنەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان گەڕانەوەیە بۆ توندوتیژی، ئەمەش ڕێگاچارەیەك نییە خەڵکی عێراق پشتگیری لێبکەن.

**• دوا وتەت چییە؟**

- من پێم وایە مانەوەی کوردەکان لە چوارچێوەی عێراقدا و کارکردنی بنیاتنەرانە لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا بۆ بنیاتنانی وڵاتێك کە هەڕەشەی ئەمنی لەسەر نەبێت خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان(کوردەکان) دەکات، هەروەها ئومێدم وایە ناکۆکیی لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان نەبێتەهۆی ڕوودانی توندوتیژی، لەبەر ئەوەی عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر بە دەست توندوتیژییەوە ناڵاندوویەتی و کاتی ئەوە هاتووە کە لە ئاشتیدا بژیێت.



**تاکە ڕێگا بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی و بۆ هەڵبژاردنی بەرپرس و کاربەدەستەکانتان بریتییە لە هەڵبژاردن**

## ستۆرانت ستیڤنسۆن سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ عێراق:

# کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان مەسەلەی سەرەکین لە پەرلەمانی ئەوروپاو وتووێژی لەسەر دەکەین

**بەڕێز ستۆران ستیڤنسۆن کە ئێستا سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپایە بۆ پەیوەندی یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ عێراق، هەروەها یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی لەناو پەرلەمانی ئەورووپادا بایەخێکی زێدەگرنگ بە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەدات، بۆ زیاتر ئاشـــنابوونیش لەســـەر کێشەکانی بەغدا و هەرێمی کوردستان بەنیازە ســـەردانی هەولێر و بەغدا لە ئایندەیەکی نزیکدا بکات، هەفتەی رابـــردوو هـــاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی عێـــراق و هەوڵدان بۆ وەرگرتنی بیروبۆچوونی بەڕێزیان لەســـەر ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە، پەیوەندیمان بە ئۆفیسی بەڕێزییەوە لە برۆکسل کرد، بەڵام پێیان راگەیاندین کە بەڕێزی زۆر سەرقاڵە بە کێشەی عێراقەوە و لەوانە نییە بتوانێت کاتێکتان بۆ دیاری بکات بۆ ئەوەی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجامبدەن، بەڵام ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان بە ئۆفیسی بەڕێزیمان راگەیاند کە بەڕێز ســـتۆران ستیڤنســـۆن بە گۆڤاری گوڵان ئاشنایە و پێشتریش لەکاتی سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ پەرلەمانی ئەوروپا دیمانەمان لەگەڵ کردووە، بۆیە پێمان راگەیاندن ئێمە ئەدرێسی خۆمان بە جێدەهێڵین و ئاگاداری بکەنەوە با ئەویش رای خۆیمان پێ بڵێت، دوای کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر بەڕێزی بە شەخســـی ئاگاداری کردینـــەوە کـــە ئەو حەزدەکات قســـە بۆ گۆڤـــاری گـــوڵان بـــکات و داوای لێکردین پرسیارەکانمانی بۆ بنێرین بۆ ئەوەی وەڵامان بداتەوە، بەسوپاسەوە بەڕێز ستۆرانت ستیڤنسۆن بەمجۆرە وەڵامی پرســـیارەکانی داینەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

كۆمسیۆنی ئەوروپا تیمێک لە چاودێرانی لە چەند هەفتەی رابردوو رەوانەی عێراق کردووە، ئەوانیش بە بەردەوام و رێکوپێکی راپۆرتی خۆیان لەسەر بارودۆخەکە دەنووسن



*** بەڕێزت وەك سەرۆكی شاندی پەرلەمانی یەكێتی ئەوروپا بۆ عێراق، ئایا تاچەند لە نزیكەوە لە پرۆسەی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن، چاودێری باردۆخی عێراقتان كردووە؟ ئایا تێڕوانینی ئێوە بۆ هەڵبژاردنەكانی عێراق چییە و تاچەند ئەم هەڵبژادنانە دەبنە هۆكاری ئەوەی كێشەكانی عێراق چارەسەر بكەن؟**

- من وەك سەرۆكی شاندی یەكێتی ئەوروپا بۆ پەیوەندیكردن لەگەڵ عێراقدا زۆر بەلامەوە جێگەی بایەخە كە لەنزیكەوە ئاگاداری هەڵبژاردنەكان بم، بۆیە مانگی رابردوو هەوڵمدا شاندێك لە پەرلەمانتارەكانی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ بەغدا بنێرم بۆ ئەوەی لەگەڵ سەركردەی لایەنە سیاسییەكان كۆببنەوە وتوویژ لەسەر ئامادەباشییەكان بۆ هەڵبژاردن بكەن، بەڵام لەلایەن سەرۆكی پەرلەمانی ئەوروپاوە مۆڵەتی ئەوەمان پێنەدرا ئەم سەفەرە بكرێت، ئەویش لەبەر باری ئاسایش و ناسەقامگیری لە عێراقدا، بۆیە ئێمە لەبری ئەوە هەندێك لەسیاسەتمەدارە دیارەكانی عێراقمان بۆ بروكسل بانگهێشت كرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو شاندەی رێكمانخستبوو بچنە بەغدا لە بروكسل وتوویژ بكەن، لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا چەندین مەسەلەی هەستیارمان لەگەڵ ئەو سیاسەتمەدارە عێراقییانە باسكردووە، هەروەها كۆمسیۆنی ئەوروپا تیمێك لە چاودێرانی لە چەند هەفتەی رابردوو رەوانەی عێراق كردووە، ئەوانیش بە بەردەوام و رێكوپێكی راپۆرتی خۆیان لەسەر بارودۆخەكە دەنووسن بۆم دەنێرن، هەروەها چەندین پەیوەندی تەلەفۆنی و ئیمێڵ لە نێوان من و سیاسەتمەدارانی عێراقدا بە بەردەوامی هەیە كە زۆر نیگەرانیان كردووم و نیگەرانییەكانی پێشتری منیش تەئكید دەكەنەوە، كە لە نێویاندا راپۆرتێكی تێدایە سەبارەت بە رۆڵی ئێران، بەوەی ئێران سەدان ملیۆن دۆلاری بۆ لایەنە جیاوازەكانی عێراق ناردووە بۆ ئەوەی دەنگی خەڵكی پێبكرن، هەروەها پێیان راگەیاندووین كە چەندین لۆری لە سەندوقی دەنگدانی پڕكراوە لە سنوورەوە دزەیان پێكردووە و هاتۆتە عێراقەوە. ئەمە سەرتۆپی ئەو رووداوە گەندەڵكارییانەیە كە بۆ دوورخستنەوەی زیاتر لە ٥٠٠ پاڵێوراوی عەلمانی و دژی مەزهەبی، بەبیانووی ئەوەی پەیوەندییان بە حزبی بەعسەوە هەبووە،



که لەناویاندا هەندێك سەرۆك پارتی دیاری تێدایە وەك د.ساڵح موتڵەگ و د.زافر ئەلعانی، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە بۆیە دوورخرانەوە لەبەر ئەوەی تەنها خاڵی هاوبەش لە نێوان هەموویاندا کە بووە هۆکاری دوور خستنەوەیان ئەوەبوو کە هەموویان بەچەندین ڕێگە دژی ئەوە بوون ئێران دەست لەکاروباری عێراق وەربدات.

*** ئێوە بەڕێزتان ئاگادارن کە کێشەکانی عێراق تەنها کێشەی ئاسایش و سەقامگیری نییە، بەڵکو کێشەی سەرەکی پرۆسەی سیاسی و پێکەوە نەگونجانی لایەنە سیاسییەکانی عێراقە و لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەم کێشانە بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە، ئایا تاچەند ئاکامی هەڵبژاردنەکان ڕەنگدانەوەی ئەو کێشە سیاسییانە دەبن و لایەنە سیاسییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاکامەکانی دەنگدان دەکەن؟**

- ئومێدەوارم ئەو بڕیارەی د.ساڵح موتڵەگ و د.زافر ئەلعانی کە بڕیاریانداوە وێڕای دوورخستنەوەی هەردووکیان لە پرۆسە سیاسییەکەدا بەشدار دەبن و دوایان لە هەوادارانی خۆیانکردووە کە بەشداری پرۆسەکە بکەن، ببێتە هاندەرێك بۆ زۆربەی ئەو عێراقییانەی ئەگەر ئەوان



**دەنگدان تەنها ڕێگەیە کە ئومێدی لێبکرێت و گورز لەو کەسانە بووەشێنرێت کە نیازی ئەوەیان هەیە یاری بە ئاکامەکانی هەڵبژاردن بکەن و بیشێوێنن**

نەبوونایە لە پرۆسەکە مەحروم دەبوون لە ڕۆژی ٧مارت دەنگبدەن، لەبەر ئەوەی دەنگدان تەنها ڕێگەیە کە ئومێدی لێبکرێت و گورز لەو کەسانە بووەشێنرێت کە نیازی ئەوەیان هەیە یاری بە ئاکامەکانی هەڵبژاردن بکەن و بیشێوێنن.

*** هەتا ئێستاش لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا چەندین کێشە بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، ئەو کێشانە هەندێکیان تایبەتن بە سەرجەم عێراق، واتە کێشەکان عێراقین، هەندێکی دیکەشیان تایبەتن بە کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، ئایا ئێوە وەك شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ عێراق، هەتا ئێستا توانیوتانە کێشەکانی هەرێمی کوردستان لە کێشەکانی عێراق جیابکەنەوە؟**

- من بڕیارمداوە کە لەم ساڵدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکەم، پێشتریش لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگمان لەگەڵ سەرۆك بارزانی لە برۆکسل کرد، ئێستاش ئەو مەسەلانەی ئێوە ئاماژەتان پێکردوون، مەسەلەی سەرەکین لە ئەجێندای ئێمەدا بۆ وتوویژ لەسەر کردن.

*** زۆر لە چاودێرانی سیاسیی وا پێشبینی دەکەن دوای ئەم هەڵبژاردنە پێکهێنانی حکومەتی عێراق دوادەکەوێت، ئەمەش دەگێڕنەوە بۆ ئەو ناکۆکییانەی لە نێوان لایەن سیاسییەکاندا هەیە، بەڕای بەڕێزت ئایا شێوازی هاوپەیمانی لایەنە سیاسییەکان دوای هەڵبژاردن چۆن دەبێت و کورد پێگەی لەسیاسەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبێت؟**

- ئومێدێکی زۆرم هەیە کە ئەم ئیئتلافەی ئێستا هەیە ببێتە ئیئتلافێکی بنکە فراوان بۆ گەلی عێراق و حکومەتێکی دیموکراتی و سکۆلار و نیشتمانی، نەك حکومەتێکی بۆچوون بەرتەسکی مەزهەبی بێت و وەك بوکە شووشە بەدەستی ئێرانەوە بێت و کار بکات، بۆیە پێویستە لەسەر هەر حکومەتێکی بنکە فراوان کە نوێنەرایەتی سەرجەم عێراقییەکان بکات و لە بەرژەوەندی هەموو عێراقییەکان بێت بە گەلی کوردیشەوە.

*** ئێوەش وەك تێکڕای ئەوانەی چاودێری بارودۆخی عێراق دەکەن ئاگاداری ئەو ڕاستییەن کە ئەم هەڵبژاردنانە کێشەکانی عێراق چارەسەر ناکات، بەڕای بەڕێزت ئایا یەکێتی ئەوروپا تاچەند هاریکاری عێراق دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و شێوازی ئەو هاریکاریکردنە چۆن دەبێت؟**

- ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مەترسییەکان بەو ئاراستەیە زیاتر دەبن، کە هەوڵێکی زۆر لەناو عێراقدا دەدرێت بۆ ئەوەی یاری بە ئاکامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق بکات، لەمبارەیەوەش زۆر بە بەهێزی پەنجەی تۆمەتبارکردن بۆ ئێران ڕادەکێشرێت، هەروەها تۆمەتبارکردنەکە ئاراستەی دیکەشی گرتۆتەوەو ئاماژە بەوەدەکەن کە بەکرێگیراوەکانی ئێران زۆر بە قووڵی خزاونەتە ناو پرۆسەی دەنگدانەکە و هەوڵدەدەن پرۆسەکە بە چەندین شێوە و سەرچاوە، وەك پارەیەکی زۆر دەبەخشنەوە بۆ ئەوەی ئەو کاندیدانەی سەر بە ئێرانن سەر بکەون، هەر بۆیە یەکێتی ئەوروپا کە گەورەترین دابینکەری بودجەیە بۆ بونیادنانەوەی عێراق، لەگەڵ ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان وەك ئەو گاڵتەجارییەی لە حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو لە هەڵبژاردنەکانی ئێران ڕوویدا، لێبوردە نابێت و قبوڵی ناکات.

*** ئێستا یەکێتی ئەوروپا فیدراسیۆنێکی گەورەیە، کێشەی عێراقیش هەر بە سیستمێکی فیدراڵی چارەسەر دەکرێت، پرسیار ئەوەیە ئایا یەکێتی ئەوروپا تاچەند هاریکاری عێراقییەکان دەبێت بۆ تێگەیشتن لەسیستمی فیدراڵی و پیادەکردنی ئەو سیستەمە؟**

ـــ ڕاستە یەکێتی ئەوروپا فیدراسیۆنێکی گەورەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا پارێزگاری زۆر جوان بە ناسنامە و کولتووری هەریەك لە ٢٧ دەوڵەتە ئەندامەکەی دەکات، بەهەمان شێوە ئێمە پێمانوایە کە عێراقی نوێی دیموکراتی ڕێز لە هەموو پێکهاتەکانی دەگرێت وەك کورد و شیعەو سوننەو تورکمان و ئاشوری و پێکهاتەکانیش بەشدار دەبن لە عێراقدا، هەروەها هەموو ئەو کەمایەتییانەی دیکەش لەبەر ئەوەی کولتوورێکی دەوڵەمەندی هەیە.

*** کێشەیەکی دیکەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ئەوەیە، هەرێمی کوردستان داوا دەکات دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت، بەڵام حکومەتی بەغدا جێبەجێکردنی دەستوور پشتگوێ دەخات، پرسیار ئەوەیە چۆن وادەکرێت دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت؟**

- دووبارەی دەکەمەوە ئەم مەسەلەیە کە لە کاتی سەردانم بۆ عێراق و کوردستان وتوویژی لەسەر دەکەین.

*** بەڕێزت چۆن سەیری سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق دەکەیت؟ ئایا ئەگەر کێشەکانی عێراق چارەسەر نەبوو و ئەمەریکا سوورە لەسەر ئەوەی هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتە، ئایا ئایندەی عێراق چۆن دەبێت؟**

- لەسەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ وتوویژێکی زۆرمان لە کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەسەر ئەم پرسە کردووە، ئەوەی لەو کۆبوونەوەیە پێیگەیشتن، ئەوەیە کە هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە ئەمەریکا سوورە لەسەر کشانەوەی هێزەکانی بەپێی ئەو خشتە زەمەنییەی بۆی داناوە، ئەمەش واتە لە مانگی ئابی ٢٠١٠ دەست بە کشانەوەی هێزەکانی دەکات، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش داوای سەرەکی و ڕەهایان ئەوەیە هەڵبژاردنەکان بە پاك و بێگەرد بەڕێوە بچن، بۆ ئەوەی عێراق توانای ئەوەی هەبێت کۆنترۆڵی باری ئاسایش و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی هەبێت، ئەم خاڵەش ڕێگەیە بۆ ئاشتی و سەقامگیری و ئایندەیەکی گەش بۆ گەلانی عێراق.

پێویستە لەسەر هەر حکومەتێکی بنکە فراوان کە نوێنەرایەتی سەرجەم عێراقییەکان بکات و لە بەرژەوەندی هەموو عێراقییەکان بێت بە گەلی کوردیشەوە

نزیکەی ١٠ ڕۆژ پێش ئەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لە عێراق کۆتایی بێت، داڤید ئیگناتۆش ستوونووسی بەناوبانگی واشنتۆن پۆست، مەترسی دەستێوەردانی ئیقلیمی لە هەڵبژاردن و ئەو بڕە پارە زۆرەی لە دەرەوە هاتۆتە ناو عێراقەوە بۆ کڕینی دەنگ و سەرخستنی ئەو کاندیدانەی لایەنگیری دەوڵەتانی ئیقلیمین، ئاشکرا کردوو ڕایگەیاند دەستێوەردانە ئیقلیمییەکان بۆ گۆڕینی ئاراستەی هەڵبژاردنەکانی عێراق جێگەی مەترسییە، ئێمە لە هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ پرۆفیسۆر تاهیر جابر ئەلبەکە کە ئێستا ئوستادی مێژووە لە زانکۆی بۆستن و پێشتر وەزیری خوێندی باڵا بووە لە حکومەتەکەی ئەیاد عەلاوی و هەروەها سەرۆکی پێشووی زانکۆی ئەلموستەنسرییە بووە، سەبارەت بەو مەترسییەی ئیگناتۆس لە واشنتۆن پۆست ئاماژەی پێکردووە و تەنها یەك دەوڵەتی ئیقلیمی تاوانبار دەکات، ئاخۆ ئەو وەك ئەکادیمییەك و سیاسییەکی عێراقی چۆن سەیری ئەو مەسەلەیە دەکات، لە وەڵامدا پێی ڕاگەیاندین دەستێوەردانە ئیقلیمییەکان بۆ گۆڕینی ئاراستەی هەڵبژاردنەکانی عێراق تەنها دەستێوەردانی ئێران نین، بەڵکو هەموو دەوڵەتانی دراوسێ بەکوێتیشەوە هەوڵدەدن نفوزی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ئاراستەی هەڵبژاردنەکە لە بەرژەوەندی خۆیان بکشێتەوە.

**ئەگەر ڕێژەیەکی باش لە هاوڵاتیانی عێراق بە شداری پرۆسەی دەنگدان نەکەن ئەوا شەرعیەتی لایەنە سیاسییەکان لە ناو پرۆسە سیاسییەکە لاواز دەبێت**

لەم ژمارەیەی گوڵانیشدا کە بەڕێز ستۆران ستیڤنسۆن سەرۆکی شاندی یەکێتی ئەورووپا بۆ عێراق کە لەنزیکەوە بێجگە لەوەی تیمی چاودێرانی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق ڕۆژانە ڕاپۆرتی خۆیان بۆ بەڕێز ستیڤنسۆن بەرزدەکەنەوە، لەهەمان کاتدا سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەورووپا ئەو ڕاستییەشی تایبەت بە گوڵان ڕاگەیاند. کە وەك پەیوەندی شەخسی خۆی کە ڕاستەوخۆ بە ڕێگەی ئیمێڵ و تەلەفۆن ڕۆژانە پەیوەندی بەعێراقەوە دەکات، پێی ڕاگەیاندین کە ئەو زانیارییانەی دەگاتە ئەو، جێگەی دڵخۆشی نین، لەوانە بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست سەرۆکی شاندی ئەورووپا کراوە، بە سەدان سندوقی پڕکراوە بەدەنگ و بەدەیان لۆری لەو دەنگانە هاتوونە ناو عێراق و بەنیازن ساختەکاری لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان پێبکەن (لەم ژمارەیەدا دەقی دیمانە تایبەتەکەی ستۆران ستیڤنسۆن بڵاوکراوەتەوە).

ئەوەی ئەو چاودێرە شارەزایانە باسی لێوە دەکەن، ئەو مەترسییانەیە کە پێدەچێت دوای هەڵبژاردنەکە دەربکەون، بەتایبەتی کە پرۆسەی سیاسیی عێراق لەوپەڕی خراپیدایەو لایەنە سیاسییەکانی سوننە وشیعە و شیعەو شیعە ناتوانن لە ناو خۆیاندا ڕێکبکەون، ئەمەش مەترسی دیکە و دەستێوەردانی دەرەوەی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، پرۆفیسۆر ئایزۆبل کۆلی مان کە ئەویش بۆ ئەم ڕاپۆرتە بەشداری کردوویین ئاماژە بەوە دەکات مەترسییەکە لە ڕێژەی بەشداری هاوڵاتییانی عێراقدایە ئەگەر ڕێژەیەکی باش لە هاوڵاتیانی عێراق بە شداری پرۆسەی دەنگدان نەکەن ئەوا شەرعیەتی لایەنە سیاسییەکان لە ناو پرۆسە سیاسییەکە لاواز دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی پرۆسەی ڕێککەوتن لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا لاواز بێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئاستی بەشداربوونی هاوڵاتییان بەرز بێت، ئەوا ئەگەری پێکهاتنی لایەنە جیاوازەکان زیاتر دەبێت.

**ئەمەریکا بایەخێکی زۆر گرنگ بە هەڵبژاردنەکانی عێراق دەدات، ئامانجیشی لەم بایەخدانە ئەوەیە کە ئەو بەرنامەیەی بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق دایڕشتووە، لە کاتی خۆیدا جێبەجێی بکات**

### سیاسەتی ئەمەریکا دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق

گومانی تێدا نییە ئەمەریکا بایەخێکی زۆر گرنگ بە هەڵبژاردنەکانی عێراق دەدات، ئامانجیشی لەم بایەخدانە ئەوەیە کە ئەو بەرنامەیەی بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق دایڕشتووە، لە کاتی خۆیدا جێبەجێی بکات، لەمبارەیەوە ستۆران ستیڤن سۆن بە گوڵانی ڕاگەیاند کە ئەو لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لە کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئەم پرسەی لەگەڵ هەردوولا باسکردووە و گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە ئەمەریکا بەپێی ئەو خشتەیەی بۆ خۆی داناوە هێزەکانی لە عێراق دەکشێنێتەوە.



# ساختەکاری و یاریکردن بە ئاکامەکانی دەنگدان

# ئەو مەترسییانەن دوای هەڵبژاردنەکان ڕووبەڕووی عێراق دەبنەوە



**پرۆفیسۆر ستیڤن هیرتۆگ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی پاریس و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر كێشە سیاسییەكانی دەوڵەتانی كەنداو بە تایبەتی كوێت، عەرەبستانی سعودی و عێراق. بۆ قسەكردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق لەناوناوەندی ئیقلیمی كەنداو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو باردۆخەی ئێستا پێیدا تێدەپەڕێت و ئەو گۆڕانكارییانەی لە ئاكامی ئەو هەڵبژاردنە دێنە ئاراوە، پرۆفیسۆر هیرتۆگ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

## ستیڤن هیرتۆگ بۆ گوڵان:

# بەشداری كارای كورد لە حكومەتی ئایندەی عێراقدا كێشە چارەسەرنەكراوەكانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر دەكات

*** هەموو ئاراستەكان بەوجۆرەن كە هەڵبژاردنەكانی عێراق گۆڕانكاری گەورە لە هاوكێشەی سیاسی عێراقدا دروست دەكەن، ئایا بەڕای بەڕێزت ئەو گۆڕانكارییانە چۆن دەبن؟**

- ئەمە پرسیارێكی زۆرباشە، پێموایە كۆمەڵێك فاكتەر هەن كە هەمیشەیین و لە حكومەتی ئایندەی عێراقیشدا بوونیان هەر دەبێت، ئەویش ئەوەیە ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی دەنگ لەسەر ناسنامەی ئیتنی و تائیفی دەدەن، وەك لەوەی دەنگ لەسەر بنەمای متمانەیان بەحزبەكان یان بەرنامەی گروپە جیاوازەكان بدەن، هەروەها هەرێمی كوردستان بەشێك دەبێت لەو حكومەتە، بەڵام ئەجێندای تایبەتی خۆی تایبەت بەكێشەكانی خۆی دەبێت، نەك كێشەی ئاسایشی نیشتمانی عێراق، هەروەها مالیكی هەوڵدەداتەوە وەك زۆرینەی شیعەكان دووبارە ببێتەوە بەسەرۆك وەزیرانی عێراق، هەروەها سوننەكانیش كە ئێستا دژی یاخیبووان راپەڕیوون، دەنگیان لەم پرۆسەیەدا دەبێت.

*** زۆر لەچاودێرانی باردۆخی عێراق بەوجۆرە سەیری هەڵبژاردنەكانی عێراق دەكەن، كە ئەم هەڵبژاردنانە تەنها بۆ ئەوەبوو ئەمەریكا بە جیهان بڵێت لە عێراقدا هەڵبژاردن كراوە، ئەمەش واتە هەڵبژاردنەكان هیچ كێشەیەك چارەسەر ناكەن، ئایا كە كێشەكان چارەسەر نەبن، ئەمەریكا چۆن سیاسەتی خۆی بۆ عێراق دادەڕێژێتەوە؟**

- لەو بڕوایەدا نیم كە ئەمەریكا بەسیاسەتی خۆی لەبەرامبەر عێراق بچێتەوە، بەڵام ئەوەی بەلای ئەمەریكاوە گرنگە هەڵبژاردنێكی ئازاد ئەنجامبدرێت و لایەنەكانی ناو پەرلەمان هانبدات بۆ ئەوەی حكومەت لەسەر بنەمای زۆرینە دروست بكەن، بۆ ئەوەی لەكاتی خۆیدا بتوانێت هێزەكانی بكشێنێتەوە، ئەگەر د.مالیكی ببێتەوە بەسەرۆك وەزیرانی حكومەتی عێراق، ئەوا ئەمەریكا زۆر دەست ناخاتە ناو كاروبارەكانییەوە، هەروەك چۆن لەچەند ساڵی پێشوودا مامەڵەی لەگەڵ كردووە، بۆیە پێموایە ئەم هەڵبژاردنە جێگەی ڕەزامەندی ئەمەریكا دەبێت، لەبەرئەوەی ئەم هەڵبژاردنە بە هۆكارێك دەزانێت بۆ ئەوەی هێزەكانی لە عێراق بكشێنێتەوە. پرسی سەرەكی لای ئەمەریكا ئەوەیە كە عەرەبی سوننە بەشداری بكات و بەشداری لە حكومەتدا بكەن، لەبەر ئەوەی كورد رۆڵێكی سەرەكی دەبێت لە حكومەتی ئایندەدا.

*** ئێستا هەرێمی كوردستان بە شاهیدی هەموو جیهان هەرێمێكی سەقامگیر و ئارامە، ئایا ئەگەر كێشەكان چارەسەر نەبن و ئەمەریكاش هێزەكانی خۆی لە عێراق بكشێنێتەو، ئایا گەرەنتی چییە بۆ ئەوەی ئارامی كوردستان تێكنەچێتەوە؟**

- پێموانیە كێشەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی ناوەندی زۆر درێژە بكێشن و چارەسەرنەكرێن، تەنها كێشەیەك كە زۆر ئاڵۆز بێت لە نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی ناوەندی بەغدا، كێشەی كەركوك دەبێت، پێموانییە كێشەی كەركوك هەرگیز بەتەواوەتی چارەسەر بكرێت، بۆیە بێجگە لە كێشەی كەركوك پەیوەندییەكانی نێوان هەرێم و بەغدا ئاسایی دەبن. لەبەر ئەوەشی كوردستان خاوەنی چیرۆكێكی سەركەوتنە لە گەشەسەندوو پێشكەوتندا ئەوا كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری حكومەتی ناوەندی عێراق ناكات ئەو بارودۆخە بشێوێنێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆكاری ئەوەی بارودۆخەكە ئاسایی بێت.

*** هەر چۆنێك گۆڕانكاری لە هاوكێشەی سیاسیی عێراقدا ببێت،**

> پرسی سەرەکی لای ئەمەریکا ئەوەیە کە عەرەبی سوننە بەشداری بکات و بەشداری لە حکومەتدا بکەن، لەبەر ئەوەی کورد رۆڵێکی سەرەکی دەبێت لە حکومەتی ئایندەدا

**کورد لە هاوکێشەکە بە قەوارەی خۆی دەمێنێتەوە، راستە ئەمجارە لەناو کوردیشدا لیستی جیاواز هەبوو، بەڵام لەبەغدا هەموویان هاودەنگ دەبنەوە، پرسیار ئەوەیە ئایا کورد چۆن دەتوانێت لەم هاوکێشە سیاسییە تازەیەدا گەمە بکات؟**

- کورد هەتا ئێستا رۆڵێکی پۆزەتیڤی لە هاوکێشەی سیاسی عێراقدا گێڕاوە، بۆیە لەبەر ئەوەی بەمەزندەی من هاوکێشە سیاسییەکە گۆڕانی گەورەی بەسەردانایەت ئەوا ئەو رۆڵە پۆزەتیڤەی کورد وەك خۆی دەمێنێتەوە، لەلایەکی دیکە سەرکردایەتی کورد هێزێکی نیزامی رێکخستووە، خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە، ئەو هێزە هەمووکات دەتوانێت پارێزگاری بەرۆڵی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقیدا بکات، لەلایەکی دیکە لەو بڕوایەدا نیم حکومەتی بەغدا لەلایەن شیعەوە یان هەندێك هاوپەیمانییەوە دەستی بەسەردا بگیرێت، ناتوانن رێگری لە هەرێمی کوردستان بکەن کە بەشدار بێت لە پرۆسەکەدا، من دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە لەوانەیە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك هەندێك کاتی بوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتی ناوەندی دەسەڵاتی لەناو هەرێمی کوردستاندا نییە، بۆیە حکومەتی ناوەندی ناتوانێت ئاستەنگ بۆ کوردستان دروست بکات.

> کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی زۆر درێژە بکێشن و چارەسەرنەکرێن

*** بەڵام هەرێمی کوردستانی عێراق زۆر بڕوای بەوەیە کە لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق هەوڵبدات کێشە هەڵواسراوەکانی چارەسەر بکات، کورد بە چ شێوازێك دەتوانێت لە هاوکێشەی تازەدا گەمە بکات بۆ ئەوەی کێشەکانی بۆ چارەسەر بکرێت؟**

- نایەمە سەر مەسەلەی دابەشکردنی داهات و کێشەی کەرکوك، بەڵکو دەڵێم باشترین فاکتەر کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هاریکاربێت بۆ کوردستان ئەوەیە کوردستان بتوانێت بەردەوام بێت لەسەر ئەو پرۆسە پەرەپێدانەی کە ئێستا لە کوردستاندا بوونی هەیە، هەروەها بتوانێت پارێزگاری بە ئاستێکی بەرزی فرەیی سیاسی بکات و هاوپەیمانی نێوان پارتی و یەکێتی و هەروەها ئەو هێزەی تازە دەرکەوتووە (گۆڕان) بپارێزێت، ئێستا ئەو بارە سیاسییەی لە کوردستان هەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی جێگەی بایەخە، بۆیە کاتێك کورد دەکەوێتە وتووێژ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، نازانم بۆچی کێشەکان چارەسەر نابن.

*** هەموو کورد داخوازی ئەوەیە کە دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت، ئەمەریکاش بەڵێنی پشتگیریکردنی عێراقییەکانی داوە بۆ جێبەجێ ئەو دەستوورە، ئایا کورد تاچەند دەتوانێت پشت بەو بەڵێنانەی ئەمەریکا بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە ببەستێت؟**

- ئێستا ناتوانم راشکاوانە لەسەر پرسێکی لەمجۆرە قسە بکەم، لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا نازانرێت چ لایەنێك یان کام هاوپەیمانی دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا دەگرێتە دەست، بۆیە هەڵوێستی ئایندەی ئەمەریکا دەکەوێتە سەر ئەوەی ئایا کێ لەدوای هەڵبژاردنەکان لە بەغدا حکومڕانی دەکات، وەك رای خۆم پێموایە ئەمەریکا حەزناکات پێگەی کورد لە بەغدا گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێت، بۆیە وای دەبینم ئەمەریکا جۆرە گەرەنتییەك بە هەرێمی کوردستان بدات بۆ ئەوەی باری ئاسایش و سەقامگیری کوردستان هەر بەردەوام بێت و وەك خۆی بمێنێتەوە، بەڵام بۆ ئێستا دیارنییە کە ئەمەریکا بۆ جێبەجێکردنی دەستوور بەو شێوەیە بێتە ناوەوە، بەڵام بەپێی باردۆخەکە زیاتر دێتە ناو کێشەکان.

*** ئەگەر عێراقییەکان ئامادە نەبوون دەستوورەکە جێبەجێ بکەن، ئایا بەدیلی دیکە بۆ کورد لە عێراقدا چییە؟**

- مەبەست لەکام کێشانەیە کە حکومەتی عێراق جێبەجێیان نەکات.

*** وەك مەسەلەی کەرکوك، کێشەی یاسای نەوت و گاز، مەسەلەی پێشمەرگە، چەندین مەسەلەی دیکە**



**کە بەهەڵواسراوی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ماونەتەوە؟**

- ئەم مەسەلەیە دەکەوێتە سەر ئەوەی تا چەند حکومەتی ناوەندی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بەهەند هەڵدەگرێت و پێیانەوە پابەند دەبێت، بۆیە چەند حکومەتی ناوەندی مەبەستی بێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات، هاوپەیمانی کورد لە حکومەتی بەغدا پتەوتر دەبێت و ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بە قازانج بۆ کوردستان دەشکێتەوە، بۆیە بۆ کورد گرنگە بەشدارییەکی کارا لە حکومەتی بەغدا بکات، ئەگەر وانەکات و حکومەتی بەغدا زیاتر بەرەو سەنترالی بڕوات و خاوەنی سوپایەکی بەهێز بێت، ئەوا ئامادەنابێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە وتووێژ لەگەڵ کوردستان بکات، لەلایەکی دیکە ئەو کێشانەی تۆ ئاماژەت پێکرد هەموویان وەك کێشەیەکی ناوخۆیی



**باشترین فاکتەر کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هاریکاربێت بۆ کوردستان ئەوەیە کوردستان بتوانێت بەردەوام بێت لەسەر ئەو پرۆسە پەرەپێدانەی کە ئێستا لە کوردستاندا بوونی هەیە**

عێراق سەیر دەکرێن، بۆیە کەمتر هێزە نێودەوڵەتییەکان یان هاوپەیمانان دەستی تێوەردەدەن.

*** دوایین پرسیارمان ئەوەیە ئایا تاچەند سیستمی دیموکراتی دەتوانێت عێراق بە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە؟**

- پێموایە لەمبارەوە هەندێك گۆڕانکاری روویداوە، ئەگەر سەیری نەخشەی لایەنە سیاسییەکان بکەین، دەبینین زۆر لەبەر یەکهەڵوەشاون، بۆیە سەرکردەی پارتە سیاسییەکانی عێراقی ناچار کردووە پەنا بۆ دیالۆگ و هاوپەیمانی دروستکردن بەرن، ئەگەر سەیری ئەو هاوپەیمانییانە بکەین کە لەچەند مانگی رابردوو لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا هاتوونە ئاراوە، هەست دەکەین هەندێك دیموکراتی بەرەو پێشەوە چووە، هەندێك لایەن وەك بزووتنەوەی سەحوە خۆی لەچوارچێوەی پارتێکی سیاسیی رێکخستووە، شیعە عەلمانییەکان لەگەڵ سوننەکاندا هاوپەیمانیان دروستکردووە، پارتە ئایینەکانی شیعە لەگەڵ هەندێك بزووتنەوەی عەرەبی سوننە نزیکبوونەتەوە، هەروەها هەندێك دیاردەی دیکە دەرکەوتوون وەك دەربڕینی رای ئازاد، دەرکەوتنی میدیای ئازاد، ئەمانە وایانکردووە لە ناو پێکهاتەکانی عێراقدا جۆرێك لە کۆمپرۆمایز و هاوپەیمانی دروست ببێت، ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت، مەزندەی ئەوە دەکرێت حکومەتی ئایندەی عێراق حکومەتێکی هاوپەیمانی بێت و هەموو پێکهاتەکان لە شیعە و سوننە و کورد لەخۆی بگرێت، ئەمەش چانسێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر لە عێراقدا دیموکراتی بچێتە پێشەوە، دامەزراوەکانی دەوڵەت زیاتر بەهێز بن، ئەمەش وادەکات کە یاریزانە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق زیاتر لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش و دامەزراوەی هاوبەش رێکبکەون، پێموایە ئەمە باشترین هەنگاو دەبێت بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق.

*** ئێمە پرسیارەکانمان تەواوبوون، ئایا بەڕێزت شتێکی دیکەت هەیە بە خوێنەرانی گۆڤارەکەمانی بڵێیت و ئێمە پرسیارمان لێ نەکردبیت؟**

- تەنها شتێك کە ئێستا لە یادم بێت و بمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە، کە پێویستە لە سالانی دادێ بیر لەوە بکرێتەوە ئەو شێوازەی کە ئاشتی و سەقامگیری لە کوردستان بەدەستهێناوە بگوێزرێتەوە بۆ هەموو عێراق بۆ ئەوەی ئاشتی و سەقامگیری هەموو عێراق بگرێتەوە، لەبەر ئەوە چەند وڵات سەقامگیری زیاتر بێت، هێندە بواری وەبەرهێنانی زیاتر لەبەردەمدا دەکرێتەوە، عێراقیش دەوڵەتێکی دەوڵەمەندە بە پترۆڵ، بۆیە ئەگەر سەقامگیر بوو دەتوانێت دەرگای وەبەرهێنان بەرووی هەموو بوارەکاندا بکاتەوە.

**ئەگەر سەیری نەخشەی لایەنە سیاسییەکان بکەین، دەبینین زۆر لەبەر یەکهەڵوەشاون، بۆیە سەرکردەی پارتە سیاسییەکانی عێراقی ناچار کردووە پەنا بۆ دیالۆگ و هاوپەیمانی دروستکردن بەرن**



**خاتوو ئایزۆبێل کۆلیمان یەکێکە لە گەورە توێژەرانی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە(CFR)بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سیاسەتی دەرەوەیە لە ئامۆژگای ناوبراو، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە پەرەپێدانی سیاسیی و ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق و چۆنیەتی ئەو گۆڕانکاریانەی لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانەوە بەسەر عێراقدا دێت، پرۆفیسۆر ئایزۆبێل کۆلیمان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

## ئایزۆبل کۆلیمان بۆ گوڵان:

# ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکە، نەخشەی کاری سیاسی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکان دیاری دەکات

ئاکامی هەڵبژاردن و گۆڕانکارییەکانی نەخشەی سیاسیی عێراق دەکەوێتە سەر ئاستی بەشداربوونی هاوڵاتیان

*** ئەو ئاماژانەی هەستی پێدەکرێت لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراقدا ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسیی عێراق روو دەدات، پرسیاری ئێمە ئەوەیە بەڕێزت وەك پسپۆڕێك لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و باردۆخی عێراق، چۆن ئەو گۆڕانکاریانە مەزندە دەکەیت؟**

- سەرەتا پێموایە کە ئاکامی هەڵبژاردن و گۆڕانکارییەکانی نەخشەی سیاسیی عێراق دەکەوێتە سەر ئاستی بەشداربوونی هاوڵاتیان لەو هەڵبژاردنەدا، ئەگەر ئاستی بەشداری هاوڵاتیان نزم بێت، ئەوە ئاکامی هەڵبژاردنەکە لاواز دەبێت و نیشانەی ئەوەیە کە لایەن و گروپە جیاوازەکانی عێراق لە پرۆسەکە لاوازن، بۆیە پرۆسەی سیاسیی ئایندەش لاواز دەبێت، بەڵام ئەگەر ئاستی بەشداری هاوڵاتیان بەهێز بوو، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئاکامی هەڵبژاردنەکەش رەهەندی ئیجابی دەبێت و نیشانەی ئەوەیە کە گروپ و لایەنە سیاسییە بەشداربووەکان پێگەیان لە پرۆسەی سیاسیی ئایندە بەهێز دەبێت، ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق دەبێت.

*** بەڵام ئەگەر لەم هاوکێشە تازەیەدا کە لایەنی کوردیش بەچەند لیستێکی جیاواز لەو هەڵبژاردنە بەشداری کردووە، کە ئێمە وەك کورد ئومێد دەخوازین لە بەغدا یەکگرتوو و هاودەنگ بن، بەڕای بەڕێزت دەبێت کورد چۆن لەم هاوکێشە تازەیەدا مامەڵە بکات؟**

- ئاشکرایە کۆمەڵێك کێشەی چارەسەرنەکراوی هەستیار لە عێراقدا بوونیان هەیە و هەتا ئێستا حکومەتی عێراق نەیتوانیوە چارەسەریان بکات،گرنگترین کێشە، یاسای نەوت و گاز و مامەڵەکردنە لەگەڵ سەرچاوەکانی نەوت لەو وڵاتەدا، هەروەها چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتی ئەو نەوتە. بۆیە دەرەنجامێك کە لەم هەڵبژاردنە هەستی پێدەکرێت ئەوەیە ئەم هەڵبژاردنە نەخشەی ئەوە دیاریدەکات چۆن لایەنە سیاسییەکانی عێراق پێکەوە کار بکەن، لەبەر ئەوەی خاڵی زۆر گرنگ ئەوەیە کە مەرجی سەرکەوتن بۆ سیستمی سیاسیی یان پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراقدا ئەوەیە کە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق لەو پرۆسەیەدا بەشدار بن، لەوانەیە هەموو لایەنەکان بەتەواوەتی رازی نەبن، بەڵام کە بەشداریان کرد، هەستی ئەوەیان لا دروست ببێت کە پێکەوە کار بکەن، ئەمەش گرنگترین مەسەلەیە بۆ ئایندەی عێراق.

*** بەڕێزت خوێندنەوەیەکی جوانت بۆ باردۆخەکە کرد، بەڵام ئەمە دیوە گەشبینیەکەیە بۆ پرۆسەکە، بێگومان پرۆسەکە دیوێکی دیکەشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە مەزندە ناکرێت ئەم هەڵبژاردنانە هەموو کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات، ئایا کە هەڵبژاردنەکان کێشەکان چارەسەر ناکات بۆچی ئیدارەی ئەمەریکی هێندە گرنگی پێدەدات؟**

- پێموایە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی ئەمەریکی بەڵێنی ئەوەی داوە کە هێزەکانی لەکاتی خۆی لە عێراقدا بکشێنێتەوە، تەنها ژمارەیەکی دیاریکراو لە پسپۆڕان و راوێژکاران لە عێراقدا دەهێڵێتەوە، بەڵام ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا شکستی هێنا، ئەوە هەموو شتێك بەرامبەر عێراق بێدەنگی لێدەکرێت، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یارمەتی کورد دەدات و گوشار دەخاتە سەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ

ئۆباما جەختی زیاتر لەسەر ئەفغانستان دەکاتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە عێراق پشتگوێ خرابێت



ئەمەریکا ئەوەی لەبەرچاوە کە کوردستان لە زۆر لاوە لە عێراقی ئێستا سەرکەوتووترە

ئەمەریکا بەردەوام گوشار دەخاتە سەر هەموو لایەنەکان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سیاسیی پێکەوە کاربکەن و کێشەکانیان چارەسەر بکەن

ئەوەی لەئاکامی شکستی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق تێکەڵاو نەبن.

*** بەڵام ئێمە وەك کورد و وەك عێراقی ترسێکی دیکەمان هەیەو واهەست دەکەین کە ئەمەریکا هێندەی بایەخ بە باردۆخی ئەفغانستان دەدات، هێندە بایەخ بە ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستان نادات، بۆیە ئەگەر ئاکامی هەڵبژاردنەکە باردۆخێکی پۆزەتیفی دروست نەکرد، ئەمەریکا عێراق پشتگوێ دەخات، بەڕێزت لەمبارەوە چی دەڵێیت؟**

- بێگومان پێموایە چەندین سیناریۆی جۆراوجۆر بۆ باردۆخی دوای هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا هەیە و مەزندەی بۆ دەکرێت، بۆیە پێموایە راستە ئێستا بەرنامەی ئیدارەی ئەمەریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانیەتی لە عێراق، لەوە دڵنیانیم ئایا چ ئاستێك لە توندوتیژی و شکستی پرۆسە سیاسییەکە کەوا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکات ئەم بەرنامەیەی خۆی بگۆڕێت، بێگومان راستە ئیدارەی ئۆباما جەختی زیاتر لەسەر ئەفغانستان دەکاتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە عێراق پشتگوێ خرابێت، بەڵکو هەستێکی لەو جۆرە لەواشنتۆن هەیە کە عێراقییەکان دەتوانن پێکەوە کاربکەن و رێکبکەون.

*** ئەی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان کە بەشە ئارامەکەی عێراقە و ئەمەش وەك سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا ئاماژەی بۆ دەکرێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەگەر ئەمەریکا هێزەکانی خۆی لە عێراق کێشایەوە، ئایا ئەمەریکا ئەم دەستکەوتە لەبەرچاو دەگرێت و کارێك دەکات بۆ ئەوەی سەقامگیری هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت؟**

- بەڵێ پێموایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستانی بەلاوە گرنگە و بایەخی پێدەدات، هەروەها ئەوەی لەبەرچاوە کە کوردستان لە زۆر لاوە لە عێراقی ئێستا سەرکەوتووترە. بۆیە لەم بڕوایەدانیم ئەمەریکا لە عێراق نائومێد بێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك فاکتەر لە عێراقدا هەن لە واشتنتۆن لە بەرچاو دەگیرێن، نایەڵن عێراق لەبەر یەك هەڵبووەشێت.

*** وەك بەڕێزیشت ئاگاداری ئەمەریکا چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بۆ عێراقییەکان بەجێدەهێڵێت، ئێمە وەك کورد خۆشحاڵین بەم هەڵوێستە بە مەرجێ چارەسەرەکان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بن، ئایا ئەمەریکا تا چەند هاوکاری عێراقییەکان دەبێت بۆ ئەوەی دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە دەڵێم ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاریکاری عێراقییەکان بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری و رێگرتن لەوەی باردۆخە سیاسییەکە تێکبچێت، دەبێت؟ پێموایە هەتا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاش لە عێراق، ئەمەریکا بەردەوام دەبێت و لە رووی سیاسییەوە بەردەوام گوشار دەخاتە سەر هەموو لایەنەکان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سیاسیی پێکەوە کاربکەن و کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام ئەگەر بێینە سەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەستوورەکە، من دەزانم گوشارێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ئەو دەستوورە هەموار بکرێت، بۆیە نازانم ئەمەریکا چەند گوشار بەکاردەهێنیت بۆ ئەوەی دەستوورەکە جێبەجێ بکرێت.